Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090419

# پەسنکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

شیلان عومەر حسێن

ڕازاو یاسین ئەحمەد

بەشی کوردی // کۆلێژی زمان // زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

**Keywords**

ئۆنۆماتۆپیا،وێنەی دەنگ بە دەنگ، ناوی دەنگی سروشتی، دەنگەناو.

**Corresponding Author**

shilan.hussein@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە(پەسنکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا)، پشکنین وشیکردنەوە بۆ ئۆنۆماتۆپیا وەک فۆڕمێکی دەنگیی ئاماژەیی وشەکان، کە لە لاساییکردنەوەی دەنگی سروشتی هێما بۆکراوەکان(هەبووەکان) دێتەئاراوە، دەکات و ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشە و دەربڕاوانەی زمانن، کە لە دەنگی هەبووەکانەوە فۆرم و واتای وشەکان پێشنیازدەکرێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک جۆرێکی سەرەکی وشە لە زماندا کنەکردن بۆ ئۆنۆماتۆپیاو جۆرو پۆلێنی وبنەکانی لەزمانی کوردیدا کراون، هەروەها گرنگی بەکارهێانی ئەم جۆرە دەنگانە لە ژیانی ڕۆژانەداو بەتایبەت بەکارهێنانی لە لایەن گەورەکانەوە بۆ دواندنی منداڵەکان، کە ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرو گرنگی زمانپژان و ئاسان تێگەیشتن وکردەی فێربوونە، سەرەڕای کەمی سەرچاوەی ئەکادیمیی بۆ ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ ئەوەی بەکاربردنییان هەروەک وشەکانی ترە لە زماندا ، وشەی ئۆنۆماتۆپی بەشێکی کاراشن لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانداو وشەی نوێیان لێدروستدەکرێت، ئەمانە لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەن. ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی بەرایی وبنەماییەو یەکەمجارە ئۆنۆماتۆپیا دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەو نامەی ماستەرەوە لەزمانی کوردیدا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکاربراوە،بەگشتی بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەکە سود لە سەرچاوەی نووسراوی، وەک( وشەنامەو فەرهەنگەکان )وەرگیراون، سەرەڕای ئاخاوتنی ڕۆژای ئاسایی خەڵک و بەتایبەتی ئەو وشانەی لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زاری ناوەڕاست (شیوەزاری سلێمانی)، کە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەناوی (پەسەنکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا)، کە دوو پارە، پاری یەکەم (چەمک وناساندن )، پاری دووەم (بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا)، بەشی دووەم (ئۆنۆماتۆپیا بنەوانی زمانیی)، ئەمیش دوو پارە، پاری یەکەم بۆ(تیۆرومۆدێلەکان وجۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، پاری دووەم (ئۆنۆماتۆپیاوزمانپژان)،کە کاریگەری ئۆنۆماتۆپیا لەزمانپژانی منداڵدا خراوەتەڕوو.

## پێشەکی:

### بەشی یەکەم :پەسنکردنی ئۆنۆماتۆپیا[1] لە زمانی کوردیدا:

### ١/١) ئۆنۆماتۆپیا چەمک وناساندن:

زمان لە جۆراوجۆری وشەو دەربڕاوەکان پێکدێت، لە هەموو زمانێکدا ڕستێک وشە هەن، کە گۆکردنیان دەربڕو گوزارشتکەری فۆرم و واتاکانیانن، ئەم وشانە بەلاساییکردنەوەی ئەودەنگانەی، کە سروشتی دیاردەو هەبووەکانیان بەرهەمیاندەهێنن و ڕەنێودەهێنرێن، لە زانستی زماندا بۆلاساییکردنەوەی ئەمجۆرە لە دەنگ، زاراوەی ئۆنۆماتۆپیا بەکاربراوە.

(ڕەچەڵەکی زاراوەکە بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە، (ئۆنۆماتۆپیا)*وشەیەکی لێکدراوە، کە لە ئۆنۆما (-onoma(t)ناو(poios) بە واتای دروستکردن پیکهاتووە) [١]، بە گوێرەی فەرهەنگی Oxford"ئۆنۆماتۆپیا بۆ وشەگەلێک بەکاردێن، کە ئەو دەنگانەی لە وشەکاندا هەن هاوشێوەی ئەو دەنگانەن، کە دروستیدەکەن یاخود وەسفیدەکەن".[٥] وشەی ئۆنۆماتۆپیا بریتین((لە هەندێک وشە، کە دەنگەکانیان وا دەردەکەون، کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی واتاکانیانبن.)) [٦]، بۆیە ئۆنۆماتۆپیا فۆڕمێکی دەنگیی ئاماژەییە، ناوێک لە لاسایکردنەوەی ئەو دەنگانەی، کە هەبووەکە دروستیدەکات دێنێتە ئاراوە.

Thomas & Clara دەڵێن ((ئۆنۆماتۆپیا وشە لاساییکەرەوەکانی دەنگە سروشتیەکانە.)) [٧]، پێناسەی ئەم دوو زانایە ڕاستەوخۆ ئۆنۆماتۆپیا پەیوەستدەکەن بە دەنگە سروشتییەکانەوەولەوچوارچێوەیەدا سنورداریدەکەن، فەرهەنگی Merriam-webster لە ڕاڤەکردنی واتای بنەڕەتی ئۆنۆماتۆپیادا دەنووسێت:((بریتیە لە سازکردنی وشە بە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان و بەکارهێنانی وشەکانە بە جۆرێک، کە دەنگەکەی پێشنییازی واتاکەی بکات)) [٨]، لەم پێناسەیەشدا دووبارە ئۆنۆماتۆپیا بە لاساییکردنەوەی دەنگەسروشتییەکانەوە پەیوەستکراوە، ئەوەی لەگەڵ پێناسەی پێشوودا جیاوازە باسی واتا بۆ پێناسەکە زیاددەکات وپێشنیازی هەڵهێنجانی واتایی لەدەنگەکانەوە دەکات.

Dofs دەڵێت: ((ئۆنۆماتۆپیا بریتیە لە فۆڕمێکی دەنگیی نیشانەی ئایکۆنی (نیشاندەری ڕاستەقینە)ی ناویی تەنێک، کە لە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەی، کە تەنەکە دروستیدەکات بەرهەمدێت)) [٩]، پێناسەی ئەم زانایە وردترە، چونکە ڕاستەوخۆ باس لەو فۆڕمە دەنگییە دەکات، کە وێنەیەکی ئاوەزی لەئاوەزماندا بۆ دروستبووە.

لەفەرهەنگی (Longman)دا، ( زاراوەی دەنگی بیریی (Ideaphones) بۆ بەکارهێناوەو بەجۆرێکی هێماگەری دەنگ پەسنیدەکات، کە بۆ نواندنی زیندووانەی هەبوویەک یان بەرجەستەکردنی وێنەی ئاوەزییان بەکاربراوە) [١٠]، (R.schmidt&J.Richards) دەڵێت: ((زاراوەیەکە بۆ ناونانی ئەوشتانەی، کە لەگەڵ دەنگی سروشتی ئەرکە فیزیاییەکان و دەربڕینەکانی مرۆڤ چوونیەکە)) [١١]، لێرەدا بۆ ئۆنۆماتۆپیا ئەرکی فیزیایی و دەربڕینی مرۆڤ بەرانبەر دەنگە سروشتییەکان دەهێنێتە ئاراوە، لێرەدا چڕتر لێکدانەوەی بۆکراوە، چونکە ڕوونە کە دەربڕینەکانی مرۆڤ بۆ لاساییکردنەوەکانی دەنگە سروشتییەکان سنوردارو جیاوازە.

((ئۆنۆماتۆپیا وەك گواستنەوەیەکی لاساییکەرەوەی دەنگی سروشتی بۆ وشە پێناسە دەکرێت )) [١٢]، Assaneo لەپێناسەکەیدا وشەی (گواستنەوە)ی دەنگی سروشتی بۆ پێکهێنانی وشەو فۆڕمداڕشتنی بەکارهێناوە، واتە ئۆنۆماتۆپیا ڕاستەوخۆ نواندنی نیشانەی دەنگەکەیەتی، کە مرۆڤ گوێی لێدەبێت، ناونانەکەشی لەسەر ئەو بنەمایەیە، وەک (دەنگی میاواندنی پشیلە، لورەی ڕێوی، گرمەی هەور......هتد).

((ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لەو وشانەی زمان، کە لە نواندنی دەنگەکانی دەوروبەرەوە بەرهەمدێت، وەک (دەنگی ئاژەڵەکان، دەنگە سروشتییەکان........هتد))، [١٣]،

(Lain) دەنووسێت ئۆنۆماتۆپیا بریتیە لە((داتاشراوەی دەنگە هێماییەکان، یاخود ئەو لاسایکردنەوەیە دەگەیەنێت، کە لە فۆرمی سیفەتە فۆنەتیکیەکانی وشە، نیشانە هەستیەکانییەوە هەڵدەهێنجرێت، بۆنموونە بیستنی ناوی خواردنێک تامیت بیردەخاتەوە (دەنوێنێت، یان ئەوحاڵەتەی، کە پەسنیدەکات))[١٤] .

(Rungrojsuwan لە پێناسەی ئۆنۆماتۆپیادا، دەڵێت: ((بریتیە لە کۆمەڵە وشەیەکی بەکارهێنراو بۆ نواندنی دەنگەکانی ناو سروشت ))[١٥].

Moghadam پێیوایە ئۆنۆماتۆپیا ((تەنیا لاساییکردنەوەو دووبارەکردنەوەی دەنگ نییە، بەڵکو لەتەک ئەمانەشدا هەست و کردەو جووڵە لەخۆدەگرێت)) [١٦]، ئەم پێناسەیە فراوانترو وردتر باس لە بابەتەکە دەکات، چونکە جگە لە لاساییکردنەوەی دەنگ، هەست وکردەو جووڵەش نیشاندەدات.

بۆیە ئۆنۆماتۆپیا((دەربڕینێکی تایبەتی زمانە، چونکە پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆژیی تایبەتی هەیە، ڕاستەوانە پەیوەندیدارە بە واتاکەیەوە. وشەی ئۆنۆماتۆپیی واتای خەیاڵی، جوڵەیی و وێنەیی دەگەیێنێت، کە وشەی نائۆنۆماتۆپیی توانای گەیاندنی نییە)) [١٧]، لەم پێناسەیەدا بە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی زیاتر لەڕووی زمانییەوە پەیوەست بە واتاوە لە ئۆنۆماتۆپیا وردبۆتەوە وبەراوردێک دەهێنێتە ئاراوە لە نێوان وشەی ئۆنۆماتۆپیی و نائۆنۆماتۆپیی، کە ئەمیش وروژاندنی لایەنێکی تری گرنگی بابەتەکەیە، لەمانەشەوە ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشەو زاراوانەن کە لەسەر ئەو دەنگانەی، کە دروستیدەکەن بنیاتنراون و واتاکانیان ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ بە پێکهاتە دەنگییەکانیانەوە بەستراونەتەوە.

لەپێشەکی وشەنامەی ئۆنۆماتۆپیادا لە زمانی فارسیدا، واحیدیانی کامیار پەسنی ئۆنۆماتۆپیای بەمجۆرە کردووە:

---

[1] لە زمانی کوردیدا، پ،د.محەمەدمەحوی زاراوەی (وێنەی دەنگ بە دەنگ)ی بۆ ئۆنۆماتۆپیا داناوە (٢) (پ.د.ئەوڕحمانی حاجی مارف)لەبری ئۆنۆماتۆپیا زاراوەی( ناوی دەنگی سروشتی)دەنووسێت(٣)، (د.نەسرین فەخری) زاراوەی (ناوی دەنگیی ) و(٤) ئیبراهیم ئەحمەدی زاراوەی (دەنگەناو)ی لە فەرهەنگەکەیدا بۆ بەکارهێناوە ، بە گشتی بە واتای دروستکردنی ناو یان وشە دێت لە زماندا. ، لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی(المحاكاة الصوتية)، لە زمانی فارسیشدا زاراوەکانی(صدا واژە، نام اوانماها،تسمیەی تقلیدی) و لەفەرهەنگی ئینگلیزیدا زاراوەکانی(sound symbolism Ideaphones ) بەکاربراون.

١-ئۆنۆماتۆپیا ئەووشانەی زمانن، کە فۆڕمەکانیان لە دەنگەکانیانەوە هەڵدەگوازرێن.

٢- ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشانەی زمانن، کە فۆڕمەکانیان لە بەرهەمی دەنگەکانەوە هەڵدەگوازرێن.

٣- ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشانەی زمانن، کە فۆڕمەکانیان تەنیا پەیوەندی بە خودی دەنگەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەوکردەیەی لە دەنگەکە دەکەوێتەوە. [١٨]، (Bible Anderson) لە ١٩٩٨دا دەنوسێت ((ئۆنۆماتۆپیا لاسایی دەنگی سروشتییە، بەڵام لە جۆری هێما لەخۆییەکان نین) [١٩]، لەم ناساندنانەوە ئەوە هەڵدەهێنجێنین ، کە ئۆنۆماتۆپیا دەنگ و سەدای وشەیەکە دروستەو ڕۆنانی ڕێزمانی و داڕشتەی واتاییان لەسەر سروشتی پێکهاتەی دەنگیی، وشەکە ڕۆنراوەو بریتییە لە جۆرێکی کردەی وشە دروستکردن لەزماندا، کە بەرێکاری نواندنی هێمایی ئەودەنگانەی سروشتی هیما بۆکراوەکان پێکدەهێنن بەرجەستە دەبێت و بەجۆرێک، کە لە سروشتی دەنگەکەوە واتاکان هەڵدەهێنجرێت و ئۆنۆماتۆپیا بە کۆدکردن وهێما دانانی دەنگی سروشتی هێما بۆکراوەکانە لە زماندا، لەم ڕوانگەیەشەوە بە دەنگی وشە/دەنگی بیربی ناوبراوە، یاخود ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لە نواندنی دەنگ و لێکەوتەی دەنگ و ئەو کردەو جووڵەو هەستانەی بە دەنگەکان بەرجەستە دەکرێن.

**٢/١ بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا:**

هیچ بابەتێک بێ بنەما نابێت، ئۆنۆماتۆپیاش ڕستێک بنەمای هەن، کە پوختکراونەتەوە لەمانەی خوارەوەدا، بڕوانە هێڵکاری(١):

یەکەم-نیشانەی دەنگیی(Acoustic feature):

ئۆنۆماتۆپیا جۆرێکی سازکردنی وشەیە لە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە، کە ئەمەش دیاردەیەکی باوەوبڵاو لە هەموو زمانەکاندا، لێکۆڵینەوە لە تایبەتێتی دەنگیی ئۆنۆماتۆپیا تەنیا گرنگیی لە پەسەنکردنی گەشەسەندنی زماندا نییە، بەڵکو لایەنێکی تری ئەم تایبەتمەندییە خستنەڕووی سیمای گەردوونیی زمانەکانە، وردتر لەمەش گرنگی سێیەمی ئەم تایبەتمەندییە لە پێکهێنانی فەرهەنگی ئاوەزیدا(لێکسیکۆن) وە دەردەکەوێت و بەتایبەت لە چۆنێتی مامەڵەکردنی فەرهەنگیی ئاوەزیی لەگەڵ ئەم جۆرە سازکردنە لە وشە لە زماندا، وەک:

١-خرمە خرم.

٢-کرتەکرت.

دووەم-جۆری فۆنیم phoneme type و پەیوەندی ڕاستەوانەی دەنگ و واتا:

لە زماندا گۆڕینی فۆنێم گۆڕینی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆ ئۆنۆماتۆپیاش ئەم هاوکێشەیە ڕاستەوانەیە، لە زمانی کوردیدا گۆڕانی (فۆنێمەکان)ی (/گ/ بۆ /ز/ لە وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکانی وەک:

٣-گرمە ⟵ زرمە

(گرمە) واتای دەنگێکی سروشتی زۆر بەرز دەگەیەنێت.

(زرمە) واتای دەنگێکی نزمتر لە گرمە دەگەیەنێت.

٤- (کرخە ⟵ پرخە) ش بەهەمان شێوە.

لەزانستی زماندا بەگشتی ئەوەی باوە ئەوەیە کە دەنگ بە تەنیا واتا نانوێنێت، بەڵکو هەڵگری واتان نەک خۆیان واتا بگەیەنن، وەک :

[ف]، [پ] هیچ واتایەک ناگەیەنن وهەڵگری واتان.

دەنگی وشەیەکی واتادار لەخۆوەیەوپەیوەندیی لەنێوان دەنگ وواتادا نییە، بەڵام ئەمە بۆ ئۆنۆماتۆپیا ڕاست نییەو هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، بڕوانە نموونەکانی:

٥-گڤەگڤ.

٦-ویزەویز.

٧-مشەمش .

لەم نموونانەدا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان دەنگ وواتای وشەکاندا هەن و بگرە واتاکان لە خودی دەنگەکانەوە بەرهەمهاتوون

سێیەم-ڕۆنانی ڕەگی مۆرفیمی دەنگیی:

ڕەگی مۆرفیم بنەمایە بۆپێکهێنانی وشەی نوێ و((بۆ بنیاتنانی وشە سود لە ڕەگی مۆرفێمی دەنگیی وەرگیراوە)) [١٠]، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا لە ڕەگی (قیژە و نوزە) ئەم وشە نوێیانەمان دروستکردووە، وەک:

٨- قیژەقیژکەر، قیژان، قیژو قاژ، قیژەقیژ، قیژوهور.

٩- نوزە ،نوزەکەر ، نوزان ، نوزەنوز.

چوارەم-تایبەتمەندی دەنگی واتایی/فۆنۆسیمانتیکی:

لە بنەمای سێیەمەوە بنەمەمایەکی تر ڕەنێودەهێنرێت ئەویش ئەوەیە لە ئۆنۆماتۆپیادا جیاواز لە جۆری وشەکانی تر، دەنگەکان ڕاستەوخۆ واتای وشەکان دەگەیەنن وئەمەش بە تایبەتێتی فۆنۆسیمانتیکی ناسراوە، وەک:

١٠- خشەخش.

١١- ملّچەمچ.

١٢- ویزەویز.

پێنجەم- سەرسوڕمانی(Interjection):

وشەکانی(ئاخ، ئۆف) بۆ سەرسوڕمانە بۆ مەبەستی خۆشی، یان ناخۆشی دەربڕین، هەندێکجار بۆ مەبەستی قێزەونیش بەکاردێت، بۆ نموونە ئەم دوو دەنگە ئۆنۆماتۆپیایە بۆمەبەستی قێزەونی و بێزکردنەوە لە شتێک ،وەک:

١٣- قرقێنە (قرقێنەدان، ڕشانەوە......هتد).

شەشەم- ناونان لەسەر بنەمای دەنگی هەبووەکە:

لە زماندا ناونانی وشەی ئۆنۆماتۆپیا بە ناوی دەنگەکانیانەوەیە، ئەمەش بنەمایەکی تایبەتی ئەم جۆرەی وشەیە لە زماندا ، کە ئەودەنگە دەبێتە وەسفکەرونواندنی هەبووەکەوبەهەستەوەرەکانمان پەیپیانپێدەبەین و دەیانناسینەوە، بۆ نموونە بە هەستی بیستن گوێمان لە پەرداخێک ئاو دەبێت، کە دەرژێت یان دڵۆپەی ئاو، کە دەتکێت دەزانین ئەوە دەنگی ئاوە، واتە بە دەنگەکەی هەستمان بە هەبووەکە کرد، ئەو دەنگە بۆناونان و ناسینەوەی هەبووەکان بەکاردێت.

حەوتەم-لەتواناياندايە ببنە ئیدیەم ومیتافۆڕودەربڕاوەکانی تر لە زماندا:

لەزمانی کوردیدا ئۆنۆماتۆپیایەکان دەتوانرێت وەک ئیدیەم بەکاربێت، ئیدیەمیش ((دەربڕینی فرەوشەیی، یان فرەمۆرفێمین لە زماندا سیماو تایبەتێتی و فۆرمی چەسپاو واتای نادارِشتەی جیاکەرەوەی خۆیان هەیە، کە لە وەرگرتنی وشەکان، کە فۆرمێکی بەقاڵبووبیان هەیە، لەگەڵ واتایەکی لێڵی تێکچڕژاو، کە واتای خوازەیی (وێنایی) دەگەیەنێت)).[٢] پێکهاتووەو کۆمەڵ لە سەری ڕێککەوتوون و لێیتێدەگەن، بۆنموونە :

١٤-کشە کشە مریشکە ڕەشە میوان ڕۆژێک دوو ڕۆژ خۆشە.

ئەم دەنگە ئۆنۆماتۆپیایە، وەک ئیدیەم بەواتای ئەوەی لە میوانەکان بێزاربوون و بە مەبەستی ئەوەی بڕۆنەوە ئەم دەربڕاوە دەردەبڕێت.

١٥-ماران گاز لە خشەی ماریش دەترسێت.

١٦-دڵم قرچەی یەت بۆی، قرچە بۆ دەنگی ڕۆن بەکاردێت، بەڵام لەم دەربڕدراوەدا بەواتای زۆر خەفەت خواردن دێت، یان بەواتای میتافۆر، وەک:

١٧-دەڵێیت هەورە دەگرمێنیت.

١٨-خشەی دێت.


١٩-هاڕەی لەرزانەکەی دێت.

هەشتەم-ئۆنۆماتۆپیا بەئەڵقەی پەیوەندیگرتنی نێوان مرۆڤ وگیانلەبەرانی تر دیاریکراوە، وەک:

٢٠-کش کش کش، بۆ ڕاونان و دورخستنەوەی مریشک و باڵندە دەردەبڕێت.

٢١-گدی گدی ، بۆ بانگکردنی ئاژەڵ(کاریلە).

٢٢-پش پش، بۆ بانگکردنی پشیلەیە.




هێڵکاری ژمارە(١) بنەماکانی ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا

**بەشی دووەم/ ئۆنۆماتۆپیا بنەو انی زمانیی :**

**١/٢)تێۆرومۆدێلەکانی ئۆنۆماتۆپیا لەزماندا:**

ئۆنۆماتۆپیا وەک جۆرێکی لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان لەزماندا، چەندین تێۆرو مۆدێل لە چۆنێتی هاتنەئارای هاتوونەتە ئاراوە، گرنگترینیان:

**١- تێۆری پو-پو The Pooh-Pooh Theory :**

( Istikomah )ئەم تیۆرەی بۆ توێژینەوە لە ئۆنۆماتۆپیادا بەکارهێناوە، لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە وشەی ئۆنۆماتۆپی چ لەڕوی دەنگ و چ لەڕوی واتاوە گوزارشتکەری لایەنەکانی دەوروبەرو کلتورو ئاوەزمەندیی و دنیابینیی ئەو گروپەیە کە بەرهەمیهێناوە، ((بنەمای ئەم مۆدێلە لەگەڵ سروشتی لەخۆوەیی وخۆنەویستی ئاخاوتنی مرۆیی پەیوەست بە کاردانەوە هەستییەکانی چوونیەکە، بەوەی زمان و ئاخاوتن شانبەشانی کارلێکە سۆزدارییەکانی مرۆڤ وکاردانەوەیان پەرەیانسەندووە، دەربڕاوەکانی وەک (ئاخ، ئۆف، هاها.......) نموونەی لەخۆوەیی زمانە پەیوەست بەکاردانەوە هەستییەکانی و دەربڕینی لەخۆوەیی دەنگییە بۆ وەڵامدانەوەیەکی هەستی مرۆڤ پەیوەست بە دەوروبەرەکانەوە، بە پێی ئەم تیۆرە، زمان لە دەربڕینی سەرسامی هەستی مرۆڤەوە پەیوەست بە (ئازار،توڕەیی وچێژوخۆشی.....هتد) هاتۆتەئاراوە)) [١] ، بە بڕوای Charles Darwin" هەموو مرۆڤێک و تەنانەت ئاژەڵەکانیش لە نیشاندانی هەستەکانیاندا چوونیەکن، هەستەکان مێژوویەکی پەرەسەندنیان هەیە،کە دەکرێت لە مێژووی سروشتی گیاندارانەدا ببینرێنەوە، ئەم بیرۆکەیە لە کاتی داروینەدا زۆر نەخوازراو بووە. ئەمڕۆ زۆرێک لە دەروونناسەکان لەگەڵ ئەوەن، کە هەستەکان بۆ هەموو مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازی کلتورەکانیان جیهانین (یونیڤێرساڵ)ن، بۆ نموونە: توڕەیی، ترس، بێز، دڵخۆشی و دڵتەنگی" [٢]، هەستەکانی مرۆڤ وەک ئازارو ڕق کاریگەری لەسەر ماسولکەکانی مرۆڤ دەبێت و بەتایبەتیش دەموچاوو لێوەکان بۆدروستکردنی دەنگەکان وەك دەنگە سەرسوڕمانییەکان، بۆ نموونە ئاخ، ئۆف ، بڕوانە نموونەکانی:

٢٣-بۆ هەستی بێزکردنەوە : یەع (زمانی کوردی)

٢٤-توڕەیی: ئاخ 'ئاخ لەتۆ' : ئاهـ ah (زمانی ئینگلیزی)

٢٥-ئازار: ئۆف ، **ouch** (ئینگلیزی)

لەکاتی دەربڕینی ئەو وشەیەدا بەتایبەتی لەکاتی ئەزموونکردنی هەستەکاندا ((کەسەکە ماسولکەکانی دەموچاوی گرژبوونێکی تێدا دروستدەبێت، ئەمەش پشتگیری بیردۆزەکە دەکات)) [٣]، بە بڕوای ئەم تیۆرە وشەی ئۆنۆماتۆپی لە زماندا لە دەربڕینی هەستەکانەوە سەرچاوەیگرتووەو لەم تیۆرەدا جەخت لە

چوونیەکی گوزارشتکردن لە دەربڕینی هەستەکان لای گیانلەبەران سەرەڕای جیاوازی (کلتورو ئایین و نەژادو......هتد) دەکاتەوە، ئەمەش وایکردووە سیمای جیهانی ببەخشێت بە زاراوەی ئۆنۆماتۆپیا لەزماندا، هەروەها ئاماژە، بە چوونیەکی زمانی جەستە لە کاتی گوزارشتکردن لەم دەربڕاوانەدا دەدات، کە بوونەتە بنەمای کارەکیکردنی ئەم تیۆرە لەسەر وشەی ئۆنۆماتۆپی لەزماندا.

**٢-تیۆری دینگ-دۆنگ The Ding-Dong Theory:**

ئەم تیۆرە بە تیۆری دەنگی سروشتی و لاساییکردنەوەش ناوبراوەMax Muller ئاماژەی بەوەداوە، کە ئەم
تیۆرە بریتییە لە بوونی پەیوەندی هارمۆونی لە نێوان سروشتی ژینگە لە بەرهەمهێنانی زمانییدا و دەنگ و واتا بە زگماکی پەیوەستن بەوسروشتەوە، لە بنەڕەتدا ئەم تیۆرانە بۆپەیدابوونی زمان وسەرهەڵدانی خراونەتەڕوو، ئەم تیۆرە(plato&fisagores) پەسەندیانکردووە، جەختدەکەنەوە، کە زمان لە وەڵامدانەوەی سیفاتە بنەڕەتییەکانی هەبووەکان لە ژینگەدا هاتۆتە ئاراوە، دەنگە بنەڕەتەکان، کە مرۆڤ بەرهەمهێناون هەماهەنگە لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەیدا.
ئاوەزی مرۆڤ سەرەتا دیاردەکەی بینیووەو دەنگەکەی بیستووە، چونکە لێهاتوویەکانی بینین و بیستن پێش کارامەییەکانی تری مرۆڤ دەکەوێت، هەربۆیە لە لاساییکردنەوەی کتومتی دەنگەکەوە ناوی دیاردەکانی دەوروبەری ناوە، سەرەتاش ناونانەکان بۆ دیاردە سروشتییەکان ،کە لە دەوروبەرو نزیکییەوە ڕوویانداوە دەستپێیکردووە وبەو شێوەیە ناوی لە دیاردەکان ناوە، بۆ نموونە :
٢٦-خورە:گوێ لە خورەی ئاو بووە وشەی (خورە)ی بۆ بەکارهێناوە، هەمان ئەو دەنگەیە، کە ئاوەکە بە ناو جۆگەو ڕێڕەووەکانیدا دەریدەکات.
٢٧-هاژە:کاتێک لە نزیک تاڤگەیەک وەستاوە وشەی (خورەی) گۆڕیووە بۆ (هاژە)ی ئاو، چونکە گوێی لە هاژەی ئاوەکە بووەو ڕاستەوخۆ هاژەی ئاوەکەی وەرگرتووەو جیاوازی لە نێوان ڕۆیشتنی ئاسایی ئاوو هاتنەخوارەوەی ئاو لە بەرزی بەپێێ دەنگەکە کردووە .
٢٨-گرمە:کاتێک دیاردەی (هەورەگرمە)ی بینییووە، لە گرمەی هەورەکەوە تەواوو پڕاوپڕ لەدەنگەکەیەوە ناوی دیاردەکەی ناوە، واتە ناونانی وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکە، کە (گرمە)یە لە دەنگەکەیەوە بووە.
٢٩-گفەگف:کاتێک لە نێوان دارستان و باخ و باخات ژیاوەو ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردووە، لە دەنگی جوڵاندنەوەی دیاردەکەوە (گفەگف)ی دروستکرووە، ئەم ناونانەش بەپێی ئاوەزی کەسەکان و وشوێن وپێگەی جوگرافی دەگۆڕێت و هەمیشە لە گۆڕاندایە، واتە شوێن و کات و ئاوەزیی کەسەکان جیاواز دەنگەکان دەبیستن وجیاوازیش بە زمانەکەی خۆیان دەریدەبڕن.
ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، کە بنەڕەتی پەیدابوونی زمان بۆ ئۆنۆماتۆپیا دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەوەی، کە بڕوایانوایە زمان کاتێک پەیدابووە، کە مرۆڤ ناویناوە لە هەبووەکان لەسەر بنەمای ئەو دەنگانەی کە بوونیان هەبووەو ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەوە ، نواندنی ئەم دەنگانە خودی هەبووەکانی گەیاندووە، کە ئەمەش بنەڕەتی ئۆنۆماتۆپیا پەسندەکات، لەم ڕوانگەیەشەوە لاساییکردنەوەی دەنگەکان بنەمایەکی کرۆکی لەو تیۆرانەدا پێکدەهێنێت، کە پەیوەستن بە دەنگەوە. ((ئەم تیۆرە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان دەنگ و واتای وشەکان نیشانبدات، کە دەربڕین بەرهەمدەهێنێت، چونکە مرۆڤ ئەو قسەو دەربڕاوانەی بەرهەمیاندەهێنێت (بەدەنگ و واتایانەوە) وێنەدانەوەی ژینگەو دەوروبەرو کلتورەکەی دەبێت)) [٤].

**٣- تیۆری یو-هی-هو The Yo-He-Ho Theory:**

(A.S.DIAMOND)پێشنیازی ئەم تیۆرەی کردووە، ئەم بیردۆزە باس لە "گەشەکردنی زمان لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا دەکات، زمان دروستدەبێت بەهۆی کردە فیزیاییە مرۆییەکانەوە "[٥]، ((کاتێک مرۆڤەکان پێکەوە کاردەکەن هەندێک دەنگ لەسەر هەمان ئاواز دەردەکەن))[٦] ، وەک لە کاتی بەرزکردنەوەی ، یاخود جوڵاندنی تەنی قورس جۆرە دەنگێک دەردەکەن، بەپێی ئەم تیۆرە زمان لە (ناڵاندن وپرخەکردن وغەرغەرەکردن..........هتد)، کە لە ئەنجامی کاریگەری فیزیکی لەسەر مرۆڤ دروستدەبێت، دێتە ئاراوە، بۆ نموونە:
٣٠-دەنگی ناڵەی مرۆڤەکان لەکاتی ئازارو ناخۆشیدا لەیەکدەچێت و زۆرجار هەمان ئاوازیان هەیە، ئەم جۆرە دەنگە، کە بەهۆی کاریگەرییە فیزیکییەکەوە دروستدەبێت بە ئازارو ناخۆشی تایبەتکراوە، نەک لە کاتی خۆشی دەربڕیندا.
٣١-(مشە) ئەو دەنگەی لە کاتی پاککردنەوەی لووتی مرۆڤ دەبیسترێت، بە گشتی لای هەموو مرۆڤەکان لەڕوی ئاوازەوە وەک یەکە، واتە دەربڕی هەمان ئاوازن.
٣٢-(منگی) بریتییە لە ئەو دەنگانەی لە کاتی قسەکردندا لە لوت دێنە دەرەوە جۆرە ئاوازێکی دیاریکراوییان هەیە.

**٤- تیۆری باو-واو The Bow-wow Theory:**

بەتیۆری ئیکۆیک (چوونیەکی دەنگ و واتا)ش ناونراوە، ئەم مۆدێلە سەرەتای پەیدابوونی زمان بەشێوەیەک لەشێوەکانی لاساییکردنەوە دادەنێت و پێیانوایە خودی زمان لە لاساییکرنەوەی دەنگەسروشتیەکان و بەتایبەت دەنگی ئاژەڵان هاتۆتەئاراوەو یەکەم ئاخاوتنی مرۆڤ بە ئۆنۆماتۆپیا پەسندەکەن. هەرچەندە ئەم مۆدێلە لەتیۆری لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان زیاتر جەخت لەلاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵان دەکاتەوە، بەڵام کردەی ئۆنۆماتۆپیاو وشەی ئۆنۆماتۆپی، لاساییکردنەوەی زۆر جۆری تر لە دەنگی سروشتی لەخۆ دەگرێت، (بڕوانە پاری داهاتوو ).

بەپێی ئەم بیردۆزە بەرهەمهێنانی سادەترین وشە لە لاسایی دەنگە سروشتییەکانەوەیە، وەک (کووکو) دەنگی باڵندەیەکە و دواتر ناولێنانەکەشی بووە بە (کووکوختی)، دەنگی وەڕینی سەگ بووە بە ناوی سەگەکە، بۆنموونە " (وانگ-وانگ) لە چاینا،(هام-هام) لە ئەلبانیا،(ئاو-ئاو) لە بەرازیل"[٧]، ((ئاژەڵەکان دەنگ دەردەکەن ،وەک هاوارولورە، پاشان مرۆڤ دێت وشە دروستدەکات بە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەی ئاژەڵەکان دەریدەکەن))[٨]، بۆ نموونە:

٣٣-(لورە) وشەیەکی ئۆنۆماتۆپیایەو جۆرە دەنگێکە تایبەتە بە ڕێوی، واتە لە لایەن ئاژەڵی (ڕێوی)ەوە ئەم دەنگە دەردەبرڕدرێت، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهێز لە نێوان دەنگ و واتاکەیدا هەیە.

٣٤-(میاو) دەنگی پشیلەیە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتاکەی تەواوکەری و ڕاستەوانەیە کتومت بە بێ گۆڕانی دەنگەکە لە دەنگی ئاژەڵەکە خۆیەوە وەرمانگرتووە، بەرهەمهێنانی ناولێنانەکەشی بۆ پەیکاڵی دەنگ و واتاکەی دەگەڕێتەوە.

٣٥-(کیڕە) ئەم دەنگە لەکاتی بەرکەوتنی تەنی ڕەق، وەک کڕاندنی مەنجەڵی فافۆن بە تەنێک، دروستدەبێت، بۆیە ناونانی ئەم وشە ئۆنۆماتۆپیایە پەیوەستە بەو پەیوەندییەی تاڕادەیەک ڕاستەوانەی دەنگ و واتاکەیەتی، بەوەی هەمان واتای دەرکردنی دەنگەکەی دەگەیەنێت.

٥-تیۆری تا-تا TA-TA theory:

(Darwin)گریمانەی تیۆری (تا-تا) ی پێشکەشکردووە، بەوەی زمان و دەربڕینی دەنگ و پەرەدان بە دەنگ، بۆ پشتیوانیکردن وکۆمەککردنی ئاماژەکانی دەست و زمانی جەستەی مرۆڤ و پەیوەندیگرتنی نازارەکیی هاتۆتەئاراوە ئەمەش بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری واتای شاراوە(ماتەواتا)ی پەیوەندیگرتنی نازارەکییەکان، چونکە پەیوەندیگرتنی نازارەکیی بە گشتی وئاماژەو زمانی جەستە بەتایبەتی ڕوکارێکی کاراو گرنگی کردەی پەیوەندیگرتن و کارلێکی تاکەکانە لە گروپ و کۆمەڵدا وئەم دەنگانە پەرەیانسەند و گەشەیانکرد بۆ ڕستێک لە دەنگەکان یان زۆرێک لە وشە جیاوازەکان، کە دواتر تەرزی ئاخاوتنیان پێکهێنا،Longman دەڵێت ((پێڕەوی پەیوەندیگرتنی مرۆڤ لە دروستەی ڕێکخراوەیی دەنگەکان لە یەکەی گەورەتر پێکهاتووە، وەک مۆرفیم، وشە، ڕستەو دەربڕاوەکان)).[٩]

٦-تیۆری لا-لا The La-La theory :

بەپێی بیردۆزی لا-لا زمان ((بەهۆی ئەو دەنگانەی، کە سەرچاوەیگرتووە لە یاریکردن، خۆشەویستی و هەستی شاعیرانەو گۆرانی هاتۆتەئاراوە)) [١٠]، زمانەوانDanish پێشنیازی ئەوەیکردووە، کە دەگونجێت زمان لەو دەنگانەی پەیوەستن بە خۆشەویستی، یاری، بەتایبەت گۆرانی پەرەیسەندبێت و سەرچاوەی پەیدابوونی لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان بەگشتی و ئۆنۆماتۆپیا بە تایبەتی بۆ ئەمە دەگەڕێنێتەوە، بۆ نموونە:


٣٦-(لایلایە)ی دایکێک بۆ منداڵەکەی لەو ساتەی منداڵەکەی دەخەوێنێت ودەریدەبڕێت، جۆرێکی تایبەتە بەم بیردۆزەوناولێنانەکەشی لەسەر ئەم بنەمایە بووە.

٣٧-(هۆرەکردن) جۆرە دەنگێکی تایبەتە بە جوتیاران، ئەو کاتەی، کە لە باخ و بێستاندا ئیشیانکردووە، واتە دەنگێکە بۆ خۆشی دەربڕین وئاگادارکردنەوەی یەکتری بەکارهاتووە.

٣٨-(قیژاندن) ئەو دەنگەیە، کە مرۆڤ لەکاتی خۆشی وترس سەرسامیدا دەردەبڕێت.

٣٩-(ئۆخەی) ئەو وشەیەیە مرۆڤ لەکاتی خۆشی و گەیشتن بەئاواتەکانی بەکاریدەهێنێت.

پوختەی ئەم تیۆرانە ئەوەیە، هەرتیۆرییەک لە گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێتە زمان بە گشتی وتێگەیشتن لەپەیدابوونی وشەی ئۆنۆماتۆپیایی لەزماندا، تیۆری دینگ-دۆنگ دەنگ دەکاتە بنەما، باو-واو پشت بە لاساییکردنەوە دەبەستێت، پو-پو هەست و لایەنی سۆزداری دەکاتە سەرچاوە، یو-هی-هو دەربڕینی ئاوەزداریی وتا-تا ئاماژەیی دەنگ ولا-لا گۆرانی وەک بنەمای سەرچاوەی پەیدابوونی لاساییکردنەوەی دەنگەسروشتییەکان، کە ئۆنۆماتۆپیا لەخۆدەگرێت دەستنیشاندەکەن، وەک لە هێڵکاری (٢)ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢)

**٢/٢)جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:**

لێکۆڵینەوەکان لە ساڵی(1930)دا، بەشێوەیەکی زانستیی و کارەکییانە لەسەر لاساییکردنەوەو دەربڕینی دەنگە سروشتییەکان (ئۆنۆماتۆپیا) دەستیپێکردوو سەرنجی زانایانی زانستی دەروونی و زمانیی بۆ لای خۆی

ڕاکێشاوبەرئەنجامی ئەم تێڕامان وسەرنجپێدانە، چەندین توێژینەوەولێکۆڵینەوەوپەسنکردن وپۆلێنکردنی بە دوای خۆیدا هێناولەئاکامدا ئەم جۆرانەی ئۆنۆماتۆپیا پەسنکران، کە ئەمانەن:

یەکەم-ئۆنۆماتۆپیای گشتی :

(1988 Attridge& Simpson)[1]ئۆنۆماتۆپیایایان بۆ فەرهەنگیی و نافەرهەنگیی پۆلێنکردووە (١)و بەم شێوەیەی خوارەوە لێکیانجیاکردۆتەوە:

**أ-ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگیی**:

لە ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگیدا وشەکان ئاماژە بە ئاماژەبۆکراوێک دەکەن و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان وشەکەو دەنگەکەیدا هەیە بەراورد بە وشە نائۆنۆماتۆپیاییەکان، وشەی ئۆنۆماتۆپیی فەرهەنگیی لە وشە ناسراوەکانی ناوزمانن و بە پێی پێڕەوی زمان لە نێو وشەنامەو فەرهەنگەکاندا تۆماردەکرێن، وشەی ئۆنۆماتۆپیی کردەی ئاماژەیی بە ئاماژەپێکراوەکان لە دەرەوەی زماندا نیشاندەدەن، بۆنموونە:

٤٠-وشەی(زرنگ)ە لە فەرهەنگدا بەم شێوەیە وەسفکراوە، ئامێری تەلەفۆن زنجیرە دەنگێک دەردەکات یان لەرەلەرەو زرنگەی دەنگەکان بەرهەمدەهێنێت، کە ئاماژەیە بۆ هاتنی تەلەفۆن/پەیامێک، وشەی(زرنگ)ە ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگییە، چونکە واتای هەیەو لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەوئاماژە بە ئاماژەبۆکراوێک لە جیهانی دەرەوە دەدات، لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە زۆرەو هەموو ئەو ئۆنۆماتۆپیایانە دەگرێتەوە، کە واتایان هەیە، ئاماژەبۆکراوێکیان لە جیهانی دەرەوەدا هەیەوچوونەتە ناو فەرهەنگەوە، وەک :

٤١-قرچەقرج.

٤٢- چەقەچەق.

٤٣- قیژەقیژ.

٤٤- زرنگە.

٤٥-زەنگ، واتای (زەنگ)بە دەنگی تەلەفون ومۆبایل وزەنگی ماڵان، یان دەنگی زەنگی قوتابخانەکان بۆکاتی پشوو و هاتنەژوورەوەی خوێندکاران لێدەدرێت، لە فەرهەنگی کوردیدا تۆمارکراون وبەمشێوەیە واتاکانیان لێکدراوەتەوە.

٤٦-پرخە، (پرخە)ئەوجۆرە دەنگەیە لەکاتی نووستن ،یان لووت گیران دەردەکەوێت .

٤٧-ترپە، (ترپە)دەنگی کەوتنی شتێکی قورسی نەرمە لە بەرزییەوە، یان دەنگی لێدانی دڵ.

٤٨-هارە، (هارە)واتاکەی دەنگی دەستاڕ، دەنگی بەرز دەگەیەنێت([٢]) .

کەواتە ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگی ئەو وشانەی زمانن کە لە بەرئەنجامی پەیوەندییان بە دەنگی هێماکانەوە بەرهەمدێن ولە فەرهەنگی زمانەکەدا تۆماردەکرێن وبوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ

**ب-ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگی:**

جیاوازە لە ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگی، بریتیە لە زنجیرە دەنگێکی سەربەککەوتوو، کە دەنگدانەوەی هەبووەکانە لە جیهاندا لەگەڵ نەبوونی بەشداری پێکهاتەی زمانەوانی لەنێوەندی ئەم زنجیرە دەنگانەدا، بۆ نموونە ئاماژەپێکردنی دۆخێکی پیاکێشان نیشاندەدرێت بە دەنگێک ئەم دەنگانە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا واتایان نییەو تۆمارناکرێن ونابنەلێکسیم، وەک:

٤٩-دنگگگگ.

٥٠-دەنگی زەنگ.

٥١-بم بم.

٥٢-دەنگی ئوتومبێلی فریاکەوتن (وی وی وی ).

٥٣- دەنگی ئوتومبێلی ئاگرکوژێنەوە(ویق ویق )ئەمانە ئەو دەنگانەن، کە ناتوانرێن لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن، بەڵام ئاماژەی دەنگێن بۆ کاردانەوەی یان لە کارابوونی هەبوویەک، بۆیە دەخرێنە لیستی ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگی، (کە تاڕادەیەک دەگمەنن وپیتەکان و دەنگەکانی زمانەکە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن(وەک ئۆنۆماتۆپیای فەرهەنگی)، بەڵام بە بێ یاساکانی دروستبوونی وشە) [٣].

لەزمانی کوردیدا ئەم جۆرە لە زمانی منداڵیشدا بەدیدەکرێت ودەبیسترێت، وەک:

٥٤-منداڵێک بە دەنگی (زەنگی دەرگا)ی ماڵان بەتایبەت، کە (دەنگی بولبولە) دەڵێت (توتو).

٥٥-(ئوتومبێلێک، ماتۆڕێک) بەلایدا تێپەڕێت خێرایی دەڵێت(ڤم)، ئەمانە دەبێت لە لیستی ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگییدا تۆماربکرێن.

لەمەشەوە وشەکان یاخود دەنگەکانی، وەک :

٥٦-ڤڤڤم.

٥٧- دید.

٥٨-گڤڤڤڤ، خرڕ، لە زمانی کوردیدا ئۆنۆماتۆپیای نافەرهەنگیین.

دووەم-پۆلێنکردن بەپێی لاساییکردنەوەی دەنگەکان:

جۆرێکی تری پۆلێنکردنی ئۆنۆماتۆپییا( Ullmann)خستوویەتەڕوو، کە بە پێی جۆری لاساییکردنەوەی دەنگەکانەو بۆ دوو جۆردابەشکراون[٤]:

آ-ئۆنۆماتۆپیای سەرەکیی : بریتیە لە لاساییکردنەوەی دەنگێکی تایبەت، کە بۆ ئاماژەبۆکراوەکەی لە جیهانی دەرەوەدا دەگەڕێتەوە ، وەک (وەڕین و نەڕە)، ئەم دوو وشە ئۆنۆماتۆپیایە ئاماژەیە بۆ دەنگی ئاژەڵەکان.(Muslima ) ڕوونتر باس لەم بابەتە دەکات و دەنووسێت:((ئۆنۆماتۆپیای سەرەکیی لاساییکردنەوەی دەنگەکانە بەدەنگ، یاخود لاساییکردنەوەی ڕاستەوخۆی دەنگێکی بەرهەمهاتووە، لەلایەن تەنێکەوە (هەبوویەکەوە)، ئەم دەنگەش لەلایەن تەنەکە خۆیەوە بەرهەمدێت)) [٥]، بۆ نموونە:

٥٩-هاژەهاژی ئاو.

ب- دووەم ئۆنۆماتۆپیای لاوەکیی: ڕاستەخۆ بۆ ئاماژەپێکراوێک ناگەڕێتەوە، بەڵام ئاماژەیەکە بۆ دەنگدانەوی جوڵەی فیزیایی ئاماژەپێکراوەکە لە دەورەبەردا، وەک (دەنگی قاپی شکاو)، ئۆنۆماتۆپیای لاوەکیی دەنگێکە بەهۆی پەیوەندی نێوان دەنگی تەنەکە وئەو جوڵەیەی دەیکات ڕوودەدات، بۆ نموونە:

٦٠-مار ئەودەنگەی، کە دەریدەکات لە زمانی کوردیدا پێدەوترێت (فیشکە-فیسکە)، بەڵام بە جوڵەکەی دەوترێت (خشە)، لێرەدا (فیشکە )ئۆنۆماتۆپیای سەرەکییە،چونکە دەنگەکە لەلایەن مارەکەوە بەرهەمدێت، بەڵام (خشە) بریتیە لە ئۆنۆماتۆپیای لاوەکیی، چونکە دەنگەکە لە ئەنجامی ڕۆشتنی مارەکە بەسەر

زەویدا بەرهەمدێت، کەواتە ئۆنۆماتۆپیای سەرەکی بریتیە لەو وشانەی کە ڕاستەخۆ لە هەبووەکانەوە بەرهەمدێن و هەستی پێدەکەین، وەک دەنگی ئاژەڵ ودیاردە سروشتییەکان، بۆ نموونە :

٦١-(میاو، نەڕە، وەڕین،هاژە)، ئەم وشانە لاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکانن، بەڵام ئۆنۆماتۆپیای لاوەکیی ئەو وشانەن، دەنگەکانیان بەهۆی جوڵە و هۆکاری فیزیکی تەنەکان و ئاوەزی مرۆڤ بۆ ئەو دەنگانە دروستدەبن.

**سێیەم/ئۆنۆماتۆپیای ڕاستەوخۆ:**

بە پێی پۆڵێنی( (Berdin)[6] ئۆنۆماتۆپیای ڕاستەوخۆ، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە هاوشێوەی دەنگی هەبووەکە ، یان ئاماژەبۆکراوەکەن و ڕاستەوخۆ لە دەنگی هەبووەکەوە وەرگیراون، پەیکاڵی واتای فەرهەنگین، بڕوانە: ٦٢-(خشەخش،ویزەویز)، دوو پێوەر بۆ ئەم جۆرە ئۆنۆماتۆپیایە دانراوە:

آ- واتای وشەکە بریتیە لە ئاماژەکردن بۆ گروپێک لە دەنگ، کە لە هەبووەکەوە سەرچاوەیگرتووە، بەواتا دەنگی وشەکە واتای وشەکە ئاماژەپێدەدات.

ب- دەنگی وشەکە نیشاندەری ئەو گروپە دەنگییەیە ، کە هەبووەکە بەرهەمیدێنێت، بە واتایەکی دی دەنگی وشەکە لە یەکێک لە ئەندامانی گروپەکە دەچێت، بۆ نموونە (فیشکەی، یان فیسکەی مار بە کوردی) بەپێی پێوەرەکان ١- وشەکە بریتیە لە ئاماژە بۆ دەنگەکانی /س،س،س/، کە هەبووەکە دەریدەبڕێت .

٢- لە دەربڕینی وشەکەدا، دروستکردنی وشەکە نوێنەرایەتی دەنگەکانی وشەکە دەکات، لێرەدا دەنگەکانی /س،س،س /هاوشێوە و نوێنەری وشەی ئۆنۆماتۆپیایی (سسس)ن، دەنگەکانی ئەم جۆرە چوونیەکە لەگەڵ ئەو تەنە یان شتەی پەیوەستن پێوەی، واتە ئاستی ئەم چوونیەکە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی دی دەگۆڕێت، هەندێک وشە ئاستی زیاتر، یاخود کەمترلەم چوونیەکەدا بەرجەستەدەکەن، بۆنموونە:

٦٣- لەوشەی گڤە (گڤەی با)دا کەمترە بە بەراورد بە( سسس) ئەم چوونیەکە بەرجەستەبووە، دەنگی سروشتی( با )هەندێک جار بریتیە لە ڤڤڤڤ، بەڵام وشەی (گڤە)ی لە زمانی کوردیدا بۆ بەکاردەهێنرێت.

٦٤-(فیکە،لێدانی فیکە )،ئەوهەوایەی(دەنگەی) لەدەمی مرۆڤ دێتەدەر، لەگەڵ ناونانی وشەکەدا (هەبووەکە) وەک یەکن،چوونیەکن، لەوشەی (فیکە)دا کە لە گروپێک دەنگ پێکدێت، ئەمەش بنەمای یەکەمە، دەنگەکانی وشەکە زۆر نزیکەلە کرداری ئەنجامدانی فیکە، فووکردن بە ئامێری فیکەدا ،یاخود فیکەلێدان بە دەم ئەمەش بنەمای دووەمە.

٦٥-(جیڕە، جیڕەی دەرگا)ئەودەنگەی لە دەرگاوە دەبیسترێت، لەگەڵ ناونانی شتەکە بەتەواوی وبەشێوازێکی ڕاستەوخۆ ئاوێتەی یەکترن ،واتە وەکیەکن، هەروەها بڕوانە:

٦٦-قرچە قرچەی ڕۆن.

٦٧-کڵپە دەنگی ئاگر.

٦٨-چرکە دەنگی سەعات.

٦٩-زرمە دەنگی کەوتنەخوارەوەی شت.

٧٠-پرخە جۆرە دەنگێکە لە دەمی مرۆڤەوە دێت.

نموونەی ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا زۆرن، زۆربەیان دەنگی سروشتین، کە لە دەنگی گیانداران، وەک: (جریوە)ی مەل، سروشت وەک (هاژە)ی ڕوبارو مرۆڤ وەک (پرخە)ی خەو، سەرچاوەیان گرتووە.

**چوارەم-ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار Associative Onomatopoeia:**

ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار پەیوەندی بە ئەو دەنگانەوە هەیە، کە پەیوەستن بە هەبووەکەوەو وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات، بەواتایەکی ترئەم جۆرە کاتێک بەرهەمدێت، کە دەنگی وشەکە چوونیەک بێت لەگەڵ ئەو دەنگەی پەیوەستە بەو هەبووەی، کە وشەکە ئاماژەپێدەدات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هاوشیوەیی وپەیکاڵی دەنگەکە و باوێتی ئەوهەبووەی وشەی ئۆنۆماتۆپیا گوزارشتیلێدەکات، بۆ نموونە وشەکانی وەک:

٧١- (کوکوختی) Cuckoo.

٧٢-شریقەی دەنگی لێدان بە قامچی دەچنە پۆلێنی ئۆنۆماتۆپیای پەیوەستدار، ئەم جۆرەش دوو ئاستی باوێتی هەیە:

١-پەیوەستدارێتی باو لەنێوان هەبوویەک و دەنگێکدا، بەجۆرێک لە نێوان هەبووەکان ئەو دەنگەی دەریدەکەن پەیوەستی ووابەستەیی هەبیت، وەک:

٧٣-وشەی (بڵق)هاوشێوەی هەبووەکە نییە، بەڵام هاوشێوەی دەنگەکەیە، کە دروستدەبێت لە هەڵقوڵینی شلەمەنییەوە.

٧٤-(فیکە)ئامێری لێدانی فیکەیە، بە پێی جۆری باوێتی پەیوەستە بە پەیوەستدارێتی باو لە نێوان هەبووەکەو ودەنگەکەدا، واتە کەرەستەکە پەیکاڵی دەنگەکەیە، کەرەستەکە(ئامێرەکە) جۆرە دەنگێک دەردەکات هاوشێوەن.

٢- پەیوەستدارێتی باو وابەستەییە لە نیوان وشەوئەوهەبووەی کە ئاماژەپێدەدات و ئەم جۆرەپەیوەستییە دێنێتەئاراوە ((لە پەیوندی ناولێنانی نێوان وشەیەک و ئەو هەبووەی، کە ناوەکەی لێدەنرێت بەرهەمدێت ئاماژەیە بۆ ناوی هەبووەکە، نەک دەنگەکە خۆی))[7].

٧٥- (فیشەک)ئەوەی دەتەقێنرێت بەچەک بەپێی جۆری باوێتی پەیوەندی لەنێوان وشەکەو ئەوهەبووەی،کە ناوبلێنراوە هەیە، نەک دەنگەکەی، چونکە وشەی(فیشەک)ناوی ئەو کەرەستە و ئامێرەیە، کە تەقەی پێدەکرێت،ناوە ئۆنۆماتۆپیایەکەی (تەقە)یە،دەنگی فیشەکە.

٧٦- وشەی (قەوچە)لە دەنگەکەیەوە، کە دەنگی بنێشتە نەهاتووە، وشەکە ڕاستەوخۆ دەنگەکە نیشاننادات، بەڵکو پەیوەستە بە ناولێنانی وشەکەوە.

٧٧-(دەهۆڵ)، ئامێری میوزیکیە دەنگە ئۆنۆماتۆپیایەکەی(دمبڵ دمبڵ)ە و پەیوەندییەکی ناولێنانە لەنێوان وشەکەو هەبووەکە نەک جۆری دەنگەکە، واتە ئەو ئامێرەی ناومان لێناوە دەهۆڵ وجۆرە دەنگێکی تایبەت بە خۆی دەردەکات، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو پەیوەستداره و ئەو وشەیەمان بۆ ئەوئامێرە داناوە.

ئەم جۆرەی ئۆنۆماتۆپیا بەپێی باوێتییان لە دیالێکتێکەوە بۆدیالێکتێکی تر،یاخود ناوچەیەکەوەبۆناوچەیە کی دی دەگۆڕێت، بە نموونە کاتێک کەسێک لووتی پاکدەکاتەوە دوو وشەی جیاواز، بەڵام هەردووک ئۆنۆماتۆپیان بەکاردەهێنرین، کە ئەوانیش:

٧٨- (فم و مش)ن، دەکرێت لەزمانێکەوە بۆزمانێکی تریش بگۆڕێت، چونکە ناوانی وشە ئۆنۆماتۆپیایەکان جودان، بۆنموونە لای ئێمە ئەوئامێرەی فوی پێدادەکەین وناومان ناوە:

٧٩- (فیکە) لە زمانێکی تردا، وەک زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت( whistle )، بەڵام لەڕووی دەرکردنی دەنگەکەوە هەمان دەنگ دەردەکات.

پێنجەم/ئونۆماتۆپیای نموونەیی(Exemplary onomatopoeia) :

ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی بریتییە (لە لاساییکردنەوەی دەنگە پەیوەستدارەکان بە بڕوتایبەتێتی ئەرکی فیزیکییان لە دەربڕینی وشەکاندا، بەواتا ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی پەیوەندی بە دەربڕینی ئەرکی فیزیایی وشەکانەوە هەیە، وشەکان پۆلێندەکرێن لەسەر بنەمای بڕ و سروشتی ئەو هێزەی، کە ئاخێوەر لە دەربڕینیاندا بەکاریدەهێنێت، یان ئەو ئەرکە فیزیکییەی، کە بۆ گوزارشتکردنی وشەکان بەکاردەبرێن و لاساییدەکرێنەوە، بۆ نموونە وشەکانی (گورج،بزێو) پێویستیان بە ئەرکی فیزیکی و کاتێکی کەمترە و بۆ دەربڕین بەراورد بە (سست و تەمبەڵ)، ئەم وشانە ئاوەڵناون، کە ئاماژە بە توانای جوڵەکردن دەکەن، بەڵام جیاوازن لە دابینکردنی بڕی ئەرک، کە ئاماژەدەرە بە واتاکانیان لە گۆکردندا) [٨].

بە واتایەکی تر، وشەکانی( گورج، هەڵپە، سوکەڵە، بزێو) هاوواتان و سیمای(+خێرا) یان هەیە، واتای خێرا دەدات.لە لایەکی دی، وشەکانی(تەمبەڵ،سست)سیمای (+هێواش) یان هەیە، واتای هێواش دەدات، ئەمەش هەستێک دروستدەکات، کە واتاکانی(تەمەڵ،سست)پێویستی بەهێز و هەناسەوکاتی زیاترە بۆدەربڕینیان لەلایەن ئاخێوەرەوە لەچاو وشەکانی تردا.

(Istikomah)دەڵێت: ((ئۆنۆماتۆپیای نموونەیی بەندە بە بڕوتایبەتمەندی ئەرکی فیزیایی پێویست بۆ دەربڕینی وشەکە لەلایەن ئاخێوەرەوە)) [٩]، هەروەها (Rydblom)هاوڕایە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە ودەڵێت: ((شێوازی دەربڕین ئاماژەیە بۆ جۆرێتیی ، کە دەرئەنجام دەبێت بە واتا. )) [١٠]، بۆ نموونە:

٨٠-(دڵۆپ دڵۆپ، قەترە قەترە) ئۆنۆماتۆپیای نموونەین لە زمانی کوردیدا و درک بەوەدەکەین، کە دەربڕینیان ئاسانە ونیشانەی واتایی (+هێواش)لەخۆدەگرن و بەشێوازی دەربڕینی دەنگەکان واتای وشەکان ڕوندەبێتەوە، (ئاوەکە دڵۆپ دڵۆپ دێتە خوارەوە) هاتنەخوارەوەی ئاوەکە لەسەرخۆ وهێواشە، واتا بە دەنگەکانیان واتای وشەکانمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئەم وشانە لە سەر دەم وزار وپێویستیان بەهێزوهەناسەوکاتی زیاترە بە بەراورد بە وشەی (خوڕخوڕ،)، کە نیشانەی واتایی(+خێرا،-هێواش)ی هەیە هەموویان تاڕادەیەک هاوواتان ولەدەم وزاردا خێراتر دێنە گۆ، پێویستان بەهەناسەوهێزوکاتی کەمترە.

٨١-میزەڵدانەکە/تۆپەکە تەقی. [١١]

کردەی کرداری ئۆنۆماتۆپیای(تەقی)، کە لە ناوی کرداری (تەقین)ەوە هاتووە، لە دەنگەکەیەوە واتاکان لە کرۆک وناواخنی دەروازەی فەرهەنگی کردارە ئۆنۆماتۆپیاکەوە دروستبووە، لەڕوی خایاندنی کاتەوە، چونکە ساتەوەختیەویەکسەروخێرا ڕوودەدات، بۆیە بەرامبەر بەباشی تێدەگات، کە خایاندنی کاتی تێدا بەدیناکرێت ولەسات وچرکەیەکدا ڕوودەدات، ناتوانرێت کاتەکەی جێگیربکەین ودەربڕینی وشەکەش پێویستی بە هەناسەو وزەی کەمتروخێراڕوودەدەن، ئاماژە بۆ لە پڕگۆڕان لە حاڵەت وباروودۆخێک دەکات، بۆیە بەخێرایی لە دەم وزار دێتەگۆ بە بەراورد ناوی کرداری(فشبوونەوە)، وەک لەڕستەی:

٨٢-میزەڵدانەکە فشبوویەوە.

کردەی کرداری (فشبوویەوە)ش لە چۆنێتی دەربڕینی دەنگەکەوە واتاکەی لە ناوەڕۆکی دەروازەی فەرهەنگی وشە ئۆنۆماتۆپیایەکەوە بەرهەمهاتووە، لە خایاندنی کاتدا ئەگەرچی ماوەکەشی زۆرنەبێت کاتێکی دەوێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی، واتە کاتێکی پێدەچێت تا میزەڵدانەکە فشدەبێتەوەولە پڕ گۆڕان لە حاڵەت وهەڵوێستێکدا ڕوونادات، پێویستی بەهێز و هەناسەی زیاترە بۆدەربڕینیان لەلایەن ئاخێوەرەوە.

**شەشەم-جۆری ئۆنۆماتۆپیا بە پێی جۆری دەنگی هێمابۆکراوەکان/ لاساییکراوەکان:**

ئۆنۆماتۆپیا جۆرێکی لاساییکردنەوەی دەنگە، گوزارشتە لە فۆرمداڕشتن وگۆکردن و واتای وشە، واتە ئۆنۆماتۆپیا ئەم لایەنانەی وشە(فۆرمی وشە، واتای وشە،گۆکردنی وشە،ڕۆنانی وشە)دەنوێنێت وبە پێی جۆری ئەو هێمابۆکراوەی دەینوێنێت، جۆری ئۆنۆماتۆپیاکەشی دەگۆڕێت و جیاکراوەتەوە بۆ:

آ-ئەو دەنگانەی بەهۆی کردەی مرۆڤەوە دروستدەبن:

"ئەو دەنگانەی بەهۆ کردەی مرۆڤەوە دروستدەبن جیاوازن و بەهای خۆیان لە پێکهێانی وشەدا هەیە، ئەم وشە ئۆنۆماتۆپیایانە دەنگی هێمای کردەکانی مرۆڤن لە دۆخە جیاوازەکاندا "([١٢]). ئەمانەی خوارەوە نموونەن بۆ ئەم جۆرەی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا:

٨٣-ملّچە ملّ (دەنگ بەرهەمدێت لەئەنجامی جووینی خواردن) .

٨٤-قولّپە قولّپ (دەنگ بەرهەمدێت لەئەنجامی خواردنەوەی ئاو).

٨٥-خرمەخرم (دەنگ بەرهەمدێت لەئەنجامی جوینی خواردنی ڕەق).

٨٦-ترپە (دەنگ بەرهەمدێت لەئەنجامی لێدانی دڵ).

٨٧-پرخە پرخ (دەنگ بەرهەمدێت لەئەنجامی هەناسەدانی قورس لەکاتی خەودا).

٨٨-هاهاها (دەنگ بەرهەمدێت لەئەنجامی پێکەنین).

٨٩-چپەچپ (دەنگ بەرهەمدێت لەئەنجامی چپەکردن).

**ب-ئەو دەنگانەی بەهۆی باڵندەکانەو دروستدەبن:**

"لە زماندا هەندێک وشە ئۆنۆماتۆپیان و ئاماژەن بۆ ئەودەنگانەی، کە باڵندەکان دەریدەکەن، لەکاتی ئاخافتەکردنی ئەم وشانەدا گوێگری ئەم زمانە خێرا تێدەگات" ([١٣])، وەک:

٩٠-گمەگم.

٩١-گارەگار.

٩٢-جیکەجیک .

٩٣-جریوە (دەرکردنی دەنگ لەلایەن باڵندە دەنگخۆشەکانەو، وەک چۆلەکە و بولبول).

٩٤-قاقاقا (دەنگی هاواری قەلەڕەش).

٩٥-کوکو (دەنگی باڵندەی کوندەپەپوو).

٩٦-قارە،قیرە (دەنگی مراوی).

٩٧-گارەگار (دەنگی مریشک).

٩٨-قوقەقوق (دەنگی خوێندنی کەڵەشێر).

٩٩-گمەگم (دەنگی خوێندنی کۆتر)

١٠٠-شەقەشەق (دەنگی شەقەی باڵی باڵندە).

**پ-ئەو دەنگانەی بەهۆی ئاژەڵەکانەوە دروستدەبن:**

((لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەی، کە ئاژەڵەکان سەرچاوەیەکی گەورەی دروستبوونی ئەم جۆرەی وشەن دەریدەکەن، ئەم وشانە فۆرمی دووبارەبوونەوەیان لە دروستکردنی وشەی لێکدراویشدا هەیە، کە ئاماژەن بۆئەو دەنگانەی ئاژەڵەکان دروستیدەکەن)) [١٤]،بڕوانە نموونەکانی:

١٠١-حەپەحەپ (وەڕینی سەگ).

١٠٢-میاو (م یاواندنی پشیلە).

١٠٣-لورە لور (دەنگی گورگ وچەقەڵ).

١٠٤-حیلە (دەنگی ئەسپ).

١٠٥-زەڕەزەڕ (دەنگی گوێدرێژ).

١٠٦-بۆڕە (دەنگی مانگا).

١٠٧-باعەباع (دەنگی مەڕ ).

١٠٨- نەڕە ( دەنگی شێر).

١٠٩-ویزەویز (دەنگی هەنگ)

١١٠-قیرەقیر (دەنگی بۆق)..

١١١- (فیشکەفیشک) (دەنگی مار).

**ت-ئەو دەنگانەی بەهۆی ئامێرەکانەوە دروستدەبن:**

لەئەنجامی بەکاربردنی ئامێرەکان دەنگێک بەرهەمدێت، کە دەبنە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرەی ئۆنۆماتۆپیایە لە زماندا، بڕوانە نموونەکانی:

١١٢-فیکەفیک (دەنگی فیکە).

١١٣-زڕڕ (دەنگی زەنگ).

١١٤-جیڕە (دەنگی دەرگا).

١١٥-تەقە (دەنگی فیشەک).

١٢٥-کێڕە (دەنگی خشانی تەن لەسەر ڕویەکی ڕەق).

١١٦-تەپەتەپ (دەنگی پیاکێشانی شتێک لەسەر ڕویەکی نەرم).

١١٧-قرتە (دەنگی شکان، وەک لقی دار).

١١٨-تەقە تەق (دەنگی لێدانی تەنی ڕەق، وەک دەرگا).

١١٩-بیپ (دەنگی هۆڕنی ئوتومبێل).

١٢٠-چک چک/چرکەچرک (دەنگی جوڵەی میلی کاتژمێر).

١٢١-ویو ویو (دەنگی ئاگاداری ئوتومبێلی فریاکەوتن).

١٢٢-خش خش (دەنگی بڕینەوەی دار بە مشار).

**د-ئەو دەنگانەی بەهۆی لایەنی فیزیایی و سروشتییەوە دروستدەبن:**

((هەندێک وشەی ئۆنۆماتۆپیایی بەرهەمدێن بەهۆی ژینگە و دیاردەی سروشتی و لایەنی فیزیاییەوە، ئەمانەش لاساییکردنەوەی ئەودەنگانەن لەو ژینگانەدا، کە بەهۆی دیاردە جیاوازەکانەوە دروستدەبن.))[١٥] ، نموونەکانی (١٢٣ - ١٢٩ ) ئەم جۆرە ڕووندەکەنەوە:

١٢٣-خوڕە (دەنگی ئاو لەکاتی ڕۆشتندا، وەک ڕوبار).

١٢٤-خڕڕ (دەنگی دڕینی قوماش).

١٢٥-قرچەقرچ (دەنگی سوتان، قرچەی ئاگر).

١٢٦-خورەخور (دەنگی خوڕەی ئاو).

١٢٧-گڤەگڤ (گڤەی با).

١٢٨-گرمە (دەنگی هەورەگرمە).

١٢٩-دڵۆپ دڵۆپ (دەنگی دڵۆپەی ئاو) .

حەوتەم-بەپێی پۆلە ڕەگەزی ڕێزمانی:

ئۆنۆماتۆپیا وەک هەروشەیەکی ترلە زماندا پۆلەڕەگەزی خۆی هەیەوپۆلە ڕەگەزەکانی ئۆنۆماتۆپیا بریتین (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار)، ئەم پۆلە ڕەگەزانەی ئۆنۆماتۆپیا چوونیەک نیین لە زمانەکانداوجیاوازن (Sugahara)پۆلێنی ٢٨٧ وشەی ئۆنۆماتۆپیایی ئینگلیزی کردووە. ٨٥،٨٪ وشەکان وەک (کردار) وبە پلەی دوو وەک (ناو) هاتوون ،کە دەکاتە ١٩٤ وشە، زیاترئۆنۆماتۆپیا لە زمانی ئینگلیزیدا وەک کردار هاتوون و بەکاردێن، لە زمانی فارسیدا پۆلەڕەگەزی(ناون)، بەپێچەوانەوە لە زمانی یابانیدا وشەی ئۆنۆماتۆپیا وەک (ئاوەڵکردار) هاتوون.[١٦]

"(فەرهاد محەمەدی)ئەم جۆرەی ئۆنۆماتۆپیای لە زمانی کوردیدا دابەشکردووە بۆ دوو بەشی سەرەکیی ئەوانیش ئۆنۆماتۆپیای(ناویی، کرداریی)ن، ڕایوایە، کە ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا وەک پۆلەڕەگەزی کردار زیاتردەردەکەوێت، بە بەراورد بە زمانی فارسیدا، کە لەو زمانەوەک پۆلەڕەگەزی ناو زیاتر بوونیان هەیە" [١٧].

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جیاواز لەو بۆچوونانەی ئاماژەیان پێدرا، لە زمانی کوردیدا جیاواز لە زمانەکانی تر بەپێی پۆلەڕەگەزەکانی ئاخاوتن هەن (کرداری،ناوی ،ئاوەڵناوی،ئاوەڵکرداری ) ن ، وەک :

١-ئۆنۆماتۆپیای کرداریی، کە پەسنی کردەی کردارەکە دەکەن وڕەگ ودروستەی چاوگیان هەیە ولە فۆڕمی کرداردان، بۆ نموومە:

١٣٠-چپە/چرپە <u>چپە</u>ی کرد بە گوێدا/بەگوێیدا چرپاندی وەک کردار

٢-ئۆنۆماتۆپیای ناویی ،کە فۆڕمەکانیان وشەی لێکدراون، بۆنموونە:

١٣١-چپەکردن <u>چپەکردن</u> نیشانەی شاردنەوەی نهێنیە وەک ناو

٣-ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵناویی، ئەم جۆرەیان بەزۆری بەهۆی پاشگری(ن)دروستدەبێت وەک(کرخن، ملّچن ، پرخن،............هتد) .

١٣٢-پیاوە کرخنەکە وەفاتی کرد.

١٣٣-پیاوە پرخنەکە لەخەوهەڵسێنە.


١٣٤-منداڵە مشنەکە هاتەوە.

٤- ئۆنۆماتۆپیای ئاوەڵکرداریی، وەک:

١٣٥-ژنەکە بەچپەوە قسەیکرد.

١٣٦-بەناڵەوە گەڕایەوە.

کەواتە لەڕوی پۆلەڕەگەزی ڕێزمانییەوە، ئۆنۆماتۆپیا بە پێی زمانەکان جیاوازن.  بڕوانە هێڵکاری (٣):




هێڵکاری (٣) پۆلێنکردنی جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا

**٣/٢) ئۆنۆماتۆپیا و زمانپژان:**

هەرچەندە (سیمای لەخۆوەیی (arbitrary)سیمایەکی دیاری پەیوەندی نێوان هێماوهێمابۆکراوەکانە لەزماندا، بەڵام لە ناو زماندا  هێمای زمانی ئەوتۆمان هەن کە بە پێچەوانەی ئەم دیاردەیەن وپەیوەندی نێوان هێماوهێمابۆکراوەکانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆن وئەم بنەمایە دەبەزێنن) [١] . وشەی ئۆنۆماتۆپیا دیارترین جۆری ئەم هێمایانەن، کە لە زماندا هەن وکارایانە لەلایەن منداڵانەوە بەرهەمدێن و بەکاردەهێنرێن، تەنانەت لەلایەن گەورەکانیشەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا زۆر چالاکانە بەکاردێن وگرنگی پێدەدەن، وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکان بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا بەهێزترن وکاردانەوەیان زیاترە لەچاو دەربڕینە ئاساییەکانی تراداو فۆرمە ئۆنۆماتۆپیاییەکان (پرۆسەیەکی پێشکەوتوتری تێدا بینرا لەگەڵ منداڵی تەمەن(١٠و١١)مانگاندا لە تاقیکردنەوەی دیاریکردنی نەخشەو وێنەکاندا، بە وردبوونەوەی زیاتر لەو وێنانەی، کە بە وشەی ئۆنۆماتۆپیا پێیاندەناسێنرا وکاردانەوەیان خێراتربوو، تێگەیشتنیان باشتربوو بە بەراورد لەگەڵ وشە و فۆرمی ئاسایی (نائۆنۆماتۆپی)، بۆنموونە (باع بەراورد بە مەڕ، میاو بە بەراورد بە پشیلە، جیک بۆ جوجەڵە-جریوەی چۆلەکە.........هتد.)[٢]

ئۆنۆماتۆپیا بەهۆی ئەوەی لاساییکردنەوەی دەنگەکانی  سروشت و جیهانی ڕاستەقینەیە دەتوانێت کۆمەکی زمانپژانی وشە سەرەتاییەکان  لای منداڵ بکات بە دوو ڕێگەی سەرەکی[٣]:

یەکەم- سروشتی لاساییانەی ئەم وشانە ڕێگە بە منداڵان دەدات بە هەستکردن بە واتاداری ئەو  دەنگانەی دەیبیستن، ئەو دەنگانە ئاماژەن بۆ تەنەکان و کردەکان لە جیهانی ڕاستەقینەدا، ڕاستەوخۆ لە دەنگەکەوە واتاکە هەڵدەهێنجێن، کەواتە ئۆنۆماتۆپیا سەرنجی منداڵان دەخاتە سەر دەنگەکان، وەک سەرچاوەیەکی زانیاری واتادار،هاوکاری دەبێت لە ڕێکخستنی نەخشەی سیستەمی ئەم دەنگانە بۆ واتاکانیان، کاتێک ئەمانە بنیاتنران، منداڵان دەتوانن پرۆسێسی زانیارییەکان بکەن و فێری واتای وشەکان بن تەنانەت ئەگەر نائۆنۆماتۆپیایش بن.

دووەم- ئۆنۆماتۆپیا ڕێگەدەدات منداڵ کۆگایەک لە وشە بنیاتبنێت، بەهۆی هەستی بیستنی دەنگەکان و ئەزمونکردنیان بەهۆی بیستنەوە، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندیی لاساییانەی دەنگیی ئاماژەپێکراوێکی دیاریکراوەوە دەبێت، بۆ نموونە:

١٣٧-میاو ئاماژەیە بۆ پشیلە.

١٣٨-حەو-حەو بۆ سەگ.

ئۆنۆماتۆپیا یەکەم نەخشەی نێوان وشە و ئاماژەپێکراو بنیاتدەنێت، ئەمەش ڕاستترە کاتێک، کە ئاماژەپێکراو و وشەکە ئامادەدەبن، کاتێک ئاماژەپێکراوەکە ئامادەدەبێت، منداڵان دەتوانن بیناسنەوە لەنێوان ژمارەیەکی زۆر لە ئاماژەپێکراوی تردا.

((لە توژینەوەیەکی تاقیگەیی لەسەر فێربوونی وشە لە لای منداڵ بەتایبەت بۆ تیشکخستنەسەر ڕۆڵی ئۆنۆماتۆپیا لەسەر گەشەکردنی زمانیی منداڵدا، یەکێک لە ئەنجامەکان بریتیبوو لە وەی منداڵ بە ئاسانتر فۆرمە ئۆنۆماتۆپیاییەکان بە بەراورد بە نائۆنۆماتۆپیکیەکاندا فێردەبێت.))[٤]، بۆیە پێشنیازیی ئەوە کراوە(باوان ومامۆستایان) ئۆنۆماتۆپیا وەک پلیکانە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیان بەکاربێنن تا یاریدەدەربێت بۆفێربوون ، زوو فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە خودی دەنگەکان لە سروشتدا هەن و منداڵ بە بەرجەستەکراوی هەستیانپێدەکات ودرکیانپێدەکات وخودی سروشت دەبێتە فێرگەیەکی کارەکی بۆ منداڵ وئەمان تەنیا دووبارەیدەکەنەوە، چونکە هێماکان لە خودی هێمابۆکراوەکانەوە ڕاستەوخۆ بەرهەمدێن.

(گرنگی ئۆنۆماتۆپیا بۆ زمانپژانی منداڵ لەوەدایە، کە جیاوازە لەچاو وشە ئاساییەکانی ترلە فێربووندا، چونکە لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە تایبەتمەندن و لە تەمەنێکی کەمی منداڵایدا فێریدەبن ، بۆیە توانای فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا لای منداڵ زیاترە، باشترسەرنجیدەدات و زووتریش فێردەبێت)[٥] بەوەی لە (زمانپژاندا تیشکیان بە گشتی لەسەر دەوروبەرە، کە تێیدا ئاماژە و ئاماژەپێکراو بەیەکەوە هەن وپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆلە نێوانیاندا هەیە)[٦]، بۆیە ئۆنۆماتۆپیا لەتوانایدایە ڕۆڵی زۆر گرنگ لە فێربوونی واتاو(وشەی نوێ)دا ببینێت ، ئەم ڕۆڵە لە فیڕبوونی زمانپژانی یەکەمدا (زمانی دایک) بەڕوونی دەردەکەوێت، ئەم دۆزینەوانەش بەکارهێنانێکی فروانتریان هەیە و سودبەخشن بۆ داڕشتنی بیردۆزی چۆن زمان پەرەیسەندووە ، لە هەردوو بارەکەدا و لە ڕووی فۆرمی زمانەوانییەوە ئەزموونە هەستییەکان یاریدەدەرن لە پەیوندی فۆرم-واتا تەنانەت بۆ فێرخوازە تازەکانیش دەتوانێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات لەسەرئەوەی بۆچی فۆرمە وێنۆچکەییەکان(iconic) بەردەوامن لەسەر خشتەکانی پەرەسندنی زمان و بەکارهێنانی زمانیی ڕۆژانە لەلایەن گەورەکانەوە، جگە لەوەش ئایا ئۆنۆماتۆپیا ڕۆڵی یەکلاکەرەوی هەیە لەوەی چۆن زمانەکان پەیدابوون وپەرەیانسەندووە؟ بەکارهێنەران فێری بوون؟

ئۆنۆماتۆپیا تەنها بابەتەتێکی هەڕەمەکی منداڵانە نییە لە تەمەنی منداڵییەوە فێرییبین، بگرە گەورەکانیش بە ئاگایی بێت، یاخود بەبێ ئاگایی زۆربەکاریدەهێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانداوچوار گۆکردنی سەرەکی هەیە، ئەوانیش[٧]:

١-ناوەڕۆکی بابەتەکان بە پەسنێکی ئاوەزیی ژینگەکە دەوڵەمەند دەکات.

٢-پلەی مێلۆدی قسەکردن زیاد دەکات، چونکە ئۆنۆماتۆپیا ئەو وشانەن، کە لاسایی دەنگە سروشتییەکان دەکەنەوە.

٣-قوڵکردنەوەی پەرچەکرداری وەرگربۆ پەیامەکان، چونکە ئۆنۆماتۆپیا دەنگ بە وێنەکان دەبەخشێت.

٤ –نیشاندانی پڕاوپڕی ڕاستی هەبووەکان بۆ وەرگر، بۆ ئەوەی هەستە دەنگییە ڕاستەکەی وێنەکان هەست پێبکەین.

لەمەوە ئۆنۆماتۆپیا لە سەرەتای زمانپژانی منداڵەوە، لە لایەن منداڵەوە کارایانە بە پێی قۆناغەکانی زمانپژان، بەکاردەهێنێت.

**١-٣/٢)ئۆنۆماتۆپیاو فێربوونی بڕگە:**

لە کردەی بەرهەمهێنانی زمانیدا، منداڵ بە دەرکردنی دەنگ ودواتر دروستکردنی بڕگە دەستپێدەکات، وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکان هەر لە سەرەتای ئەم قۆناغەوە لای منداڵ بەرهەمدێن وبە تایبەت لە تەمەنی (٨)مانگییەوە دەستپێدەکات و لەتەمەنی (١١)مانگیدا دەگاتە زۆریرین بەکارهێنان و دەربڕین، ئەم قۆناغەش بە قۆناغی فێربوونی بڕگەدانراوە، باوترین بڕگەی بەکارهاتوو بریتییە لە قاڵبی (cv) لە چەند فۆڕمێکدا.

"لەکاتی وەرگرتنی داتا لە منداڵ، پێکهاتەی بڕگەی جیاواز بەدیدەکرێت، باوترین قاڵب کە منداڵ بۆ دەربڕێنی وشەی ئۆنۆماتۆپیا بەکاریدەهێنن، بریتیە لە بڕگەی قاڵبی(CV)، واتە (نەبزوێنێک+ بزوێن)بە بەکارهێنانی یەك نەبزوێن و بزوێنێکی کورت، یاخود بزوێنیکی درێژ، وەک فۆرمەکانی :CV, CVV, C: , CV فۆرمی CV جیهانییە،و منداڵان لە کاتی زمانپژانیاندا بەکاریدەهینن،،پێکهاتەی ئۆرگانی (فیسۆلۆژی) کۆرپە ڕێگە بە (قۆناغی گروگاڵ)کردن دەدات"[٨] ، کە ئەمەش بە سەرەتای فێربوونی بڕگە دانراوە لە زماندا بەپێی چەند توێژینەوەیەک لەسەر سەرەتاکانی زمانپژانی منداڵ بەتایبەتی لەڕووی گۆکردنی بڕگەوە لە چوار زماندا، بۆیان دەرکەوتووە، کە زیاد لەنیوەی وشەکانی، کە فێریبوون لە جۆری بڕگەکانی/CV /بوون، ئەمەش زیاتر لێیکۆڵراوەتەوەو بە قۆناغی نێوان پێش-زمانی/ دەنگدەربڕین و قۆناغی زمانی، کە تیایدا فەرهەنگیان گەشە دەکات، دەستنیشانکراوە.

لەزمانی کوردیدا منداڵ لەسەرەتای زمانپژانی بەبڕگەی کراوە لەچەشنی قاڵبی بڕگەی/CV/ دەستپێدەکات، چونکە لەکەمترین فۆنێم وسەگمینت پێکدێن ،بەخێرایی وبەکەمترین کات لە ئاوەزیدا دەمێنێتەوە وفێریدەبێت، دەربڕینی ئەم قاڵبە سوک وئاسانە، وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکانی بەم قاڵبە دەردەبڕن، ، وەک:

139-(زە) بە دەنگی هەنگ دەڵێت.

١٤٠-(دی) بە دەنگی سەیارە دەڵێت.

١٤١-(تە) دەنگی تەقە بە(تە)دەردەبڕێت.

١٤٢-(جو-جی) بە دەنگی چۆلەکە، مەل، جوجک دەڵێت.

دوای ئەم قاڵبە وردە وردە دەست بە دەربڕینی قاڵبی بڕگەی(CVC) لە ئۆنۆماتۆپیادا دەکات، کاریگەری لەسەر خێرایی پڕۆسەی زمانپژاندنەکەی دەبێت بروانە خشتەی ژمار (١) ، بۆنموونە:

١٤٣-بەع. مەم.

١٤٤-دید. تەع.

خشتەی ژمار (١) پێکهاتەی ئۆنۆماتۆپیای منداڵ بەپێی پێکهاتەی بڕگەی CV نیشاندەدات[٩]:

| فۆڕمی وشە | واتاکەی بە کوردی | ئۆنۆماتۆپیای منالەکە] | [ئۆنۆماتۆپیای منالەکە] | ]واتاکەی بە ئینگلیزی[ | **OW forms** |
|---|---|---|---|---|---|
| مێە | باڕە | میی / مێ | [mɪː] [meː] | ‘baa’ | *meh* |
| تووت (تۆت) | (هۆڕینی کورت) | بە/ بی | [bə] [bɪ ] | ‘toot’ | *Tööt* |
| پەه/ | ووف | ب:ب | [b:] | phew’ | *Puh* |
| مۆ/موا | دەنگی مانگا | بۆا | [bɔa] | ‘ cawing sound | |
| مەهـ | دەنگی مانگا | م: م | [m:] | ” MOO” | *muh* |
| | | | | | |

لە زمانی کوردیدا منداڵ وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکان وەک زمانی گەورە گۆناکات، زۆرینەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی تیایدا بەرجەستە دەبێت، وەک کرتاندنی دەنگ، جا ئەو دەنگە بزوێن، یان نەبزوێن بێت بۆ کورتبڕی و ئاسان دەربڕین،ئەمەش پەیوەستە بە دەسەڵاتنەشکاندنەوەی منداڵ بەسەر ماسولکەی ئۆرگانەکانی دەربڕینیدا، وەک:

١٤٥-جربوەجربو~ جیوجیو .

١٤٦-چرکە چرک~ چک چک .

١٤٧-پرخە~پخە.

یاخود گۆڕینی دەنگێک بەدەنگێکی تر جا ئەو دوودەنگە لە ڕووی سیمای جیاکەرەکانیان زۆرنزیک یان دووربن لەیەکەوە، بۆ نموونە:

١٤٨-تەقە~ تەکە.

١٤٩-قوقو/قوقەی کەڵەشێر~کوکو، چونکە سیمای جیاکەرەوەیان هاوبەشە لە(+دەنگداری،+گیراو)، بەڵام دەنگی /ق/، کە(+نەرمەمەڵاشوو)ە قورسترە بۆ دەربڕین بە بەراورد بە دەنگی/ک/، کە نیشانەی (+زمانەبچکۆلە)یەوئاسانترە بۆ دەربڕێن.

١٥٠-چزە~جزە، واتە گۆڕینی دەنگی /چ/بەدەنگی/ج/، کە ئەم سیماجیاکەرەوانەیان هەیە:

| /چ/ | /ج/ |
|---|---|
| Cv+cv | cv+cv |
| -دەنگدار | +دەنگدار |
| +گیراو | +گیراو |
| +ڕەقەمەڵاشوو | +ڕەقەمەڵاشوو |

باڕە~بالە، لەسەرقاڵبی بڕگەی/cv/، لێرەدا گۆڕینی دەنگی/ڕ/بە دەنگی/ل/، چونکە دەنگی/ڕ/ئاڵۆزترو گرانترە بۆ دەربڕین، سیمای جیاکەرەوەیان پێکدێت لە:

| /ب/ | /ل/ |
|---|---|
| +دەنگدار | +دەنگدار |
| +گڤۆک | +لایی |
| +دانیی | +دانیی |

زیادکردنی دەنگیش لەئۆنۆماتۆپیای زمانی منداڵدا بەدیدەکرێت، زۆرجار منداڵ ناتوانێت وەک کەسانی گەورە دەنگە ئۆنۆتۆپیاییەکان دەربڕێت، بۆیە پەنادەباتە بەر زیادکردنی دەنگ وفۆنێم لە وشە ئۆنۆماتۆپیاییەکاندا، کە زیادکردنەکە فۆنێمێک، یان زیاتردەگرێتەوە بەتایبەت بزوێنەکان، بۆ نموونە:

١٥١-مەمە~مەمەمە.

١٥٢-باعەباع~باعە باع باع.

جێگۆڕکێ/ئاڵوگۆڕکردن، دەنگ وەک دیاردەیەکی تری فۆنۆلۆژیی بریتییە( لە ئاڵوگۆڕکردنی دوو سەگمێنت، زیاتر لەنێون کۆنسنانتەکاندا ڕوودەدات، بۆ ئاسانی دەربڕین وگونجانی دەنگەکان پێکەوە)[١٠]، وەک:

١٥٣-خش/خشە~شخ.

١٥٤-نەغمە ~نەمغە.

١٥٥-تەپەتەپ~پەتەپەت.

**٢-٣/٢) ئۆنۆماتۆپیاوفێربوونی وشە:**

منداڵ لەو ساتەوەی لەدایکدەبێت دەزگا زمانییەکەی و توانستە بایۆلۆجیەکەی، لەگەڵدا لەدایکدەبێت، بەمەش زمانیدەپژێت وفێردەبێت، بێگومان ئەم دەزگازمانییە لای منداڵ کراوەیەو توانستی فێربوونی نەک تاکە زمانێک، بەڵکو چەندین زمانی هەیە،((بەسەرەتای دامەزراندنی زمانیی لە منداڵدا دەوترێت زمانپژاندن))[١١]، منداڵ کەرەستە زمانییەکان وەردەگرێت و بەزمانی دایکی (زمانی یەکەم زمانی دەپژێت)، کەواتە زمانپژان کردەی وەرگرتنی یەکەم زمانە .

منداڵ بەشێوەیەکی سروشتی ویستی بۆ زمان هەیە و زمانیدەپژێت، توانست و توانایەکی بایەلۆجی تێدایە بۆ زمانپژاندنەکەی و زمان توانست و فێربوونە هەردووکیان پێکەوە زمانپژان بەئاکامدەگەیەنن، بەرهەمهێنانی ئاخاوتن (پرۆسەیەکی سەرەکی ئاخاوتنە ولەڕوی پێکهاتەوە بە ئاڵۆزترین پرۆسەی زمانی دادەنرێت ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکەوە ئاوێتەبوونەی لە نێوان چەمکە ئەبستراکت وفۆڕمەکاندا دروستدەبێت،پەیکاڵبوونی (فۆڕم وواتا) جێگەی تێبینیکردن بووە )[١٢].

کردەی بەرهەمهێنان لە چەند قۆناغێک پێکدێت:

یەکەم-قۆناغی دەربڕینی یەک وشەیی، لەدوای قۆناغەکانی (گریان وگروگاڵ)کردن دێت، لەسەرەتای زمانپژاندا منداڵ سەرەتا فێری ئەومۆڕفێم وبڕگانە دەبێت، کە پەیوەندی بە دەوروبەری خۆیەوە هەیەو ورۆژانە زۆرگوێی لێدەبێت، واتە منداڵ، کە گوێی لە قسەکانی کەسانی ترودەوروبەرەکەی دەگرێت هەوڵدەدات لاساییبکاتەوە بە تایبەت ئەو وشانەی، کە خۆی زۆرپێویستی پێیەتی وهەستپێکراوی ژینگەکەیەتی وەک وشەکانی(مەمە، ئاو،حەم......هتد)، (Bates) لە باسکردنی ئەم قۆناغەدا دەڵیت:((ئەو قۆناغەیە منداڵ تیایدا ساکارانە لەوکەرەستانە دەدوێت، کە سەرنجی ڕادەکێشێت، یان جێگەی گرنگی پێدانێتی))[١٣]، وشە یەکەمەکانی منداڵ بە بڕگەی سوک وئاسان دەستپێدەکات، وەک ئەو بڕگانەی کە تاک تاکن، یان جووت جووتن و ئاوازدارترن.

(بەپێی توژینەوەکان یەکەم سەرەتای بڕگەی بۆ دروستکردنی وشە بریتیە لە ,[pɪˈpɪˈpɪˈ] پڕپڕپڕ، ئەمەش لە تەمەنی ١٠ مانگی دا رویداوە) [١٤]، بۆ نموونە:


١٥٦- پژمە ← هەپشیوو(منداڵ).

١٥٧-(توتەن ← بیستەنییە بۆدەنگی سپلێت بەکاریدەهێنێت، لە دەنگی سپلێتەکە خۆیەوە وەرگیراوە)[١٥]

١٥٨- زەڕەی کەر ← هەچە(منداڵ)


١٥٩-(حەم) گشتییە بۆ خواردن دەربدەبڕێت.

هێڵکاری(٤، ٥) قۆناغی فێربوونی وشەی ئۆنۆماتۆپیا بۆ زمانپژانی منداڵ نیشاندەدات[١٦].




هێڵکاری ژمارە(٤)


لەم هێڵکارییەدا فێربوونی بە پێی مانگەکانی تەمەنی منداڵ بۆ فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا و وشەی ئاسایی دەردەکەوێت، لە تەمەنی(٨)مانگییەوە دەستپێدەکات، کە ئۆنۆماتۆپیا هیمای(OW) لەتەمەنی (١١)مانگیدا دەگاتە زۆرترین بەکارهێنان و دەربڕین، هەرچەندە تەمەنی بەرەو سەروترو زیاتر بچێت وشەی ئاسایی(CW) بەبەراورد بە ئۆنۆماتۆپیا زێدەتردەبێت.




هێڵکاری (٥) ڕێژەی ئۆنۆماتۆپیا لای منداڵ[١٧]

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرنجامەی سەرەتای زمانپژانی منداڵ بە وشە دەنگیە ئۆنۆماتۆپیاییەکان دەستپێدەکات، چونکە فێربوونی ئۆنۆماتۆپیا لە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە بەرهەمدێت وزوتر منداڵ فێریدەبێت.

هێڵکاری (٦) ڕێژەی ئۆنۆماتۆپیا لەگەڵ قەبارەی زانینی وشەی ئاسایی.[١٨]




بەپێی ئەو هێڵکاریيانەی سەرەوە فۆرمی ئۆنۆماتۆپیا ڕێژەیەکی گرنگی وشە فێربووەکانەو بە (نزیکەی ٤٠٪ی دەربڕینەکانی لە تەمەنی ١١ مانگی)دا[١٩] پێکدەهێنێت، بە پێی ئەم شرۆڤەیە، ئۆنۆماتۆپیا کاریگەری گەورەی لە دەربڕینەکانی سەرەتای زمانپژاندا هەیە.

دووەم-قۆناغی فێربوونی دوو وشەیی، ڕاستەوخۆ دوای قۆناغی یەک وشەیی دێت، واتە لەتەمەنی (١٨-٢٤)مانگیدا، لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵدەدات ئەو وشانەی فێریبووە بیبانخاتە پاڵیەک ((سەرەتا دەیەوێت دووناو،پاش ڕاهاتنی لەسەر ئەمە،دەتوانێت کرداروناو،ئاوەڵناو وناو،ناوجێناو بەکاردەهێنێت))[٢٠]، وەک: -١٦٠ نم نم.

١٦١-باع باع .

١٦٢-وەووەو.

منداڵ لەو تەمەنەدا توانای دەربڕینی ئۆنۆماتۆپیای هەیە، چونکە ئۆنۆماتۆپیا وشەی دووبارەیە منداڵ باشترو ئاسانتر دەیدرکێنێت، وەک(خرم خرم،خش خش،فش فش،کوکو..............هتد).

(لەتەمەنی (١٨)مانگیدا هەموو منداڵێک، بەکارهێنانی ئۆنۆماتۆپیایی لەبەرزترین ئاستی گەشەکردنی فێربوونی وشەوواتایدایە، واتا لەم تەمەنەدا منداڵ دەگاتە ئاستی لوتکە لە وفێربوون و بەکارهێنان ، بۆیە دەبێت بپرسین ئایا ئۆنۆماتۆپیا هاوکارە لە فێربوونی وشەی نوێدا بۆ منداڵانی تەمەن نیوان (٢-٣)ساڵی، لەم تەمەندا گەنجی وشەی منداڵ بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات ، هەر لەهەمان تەمەندا فێربوونی کردار دەستپێدەکات.)[٢١]، بۆ نموونە:

بە( ئوتومبێل)دەڵێن (ڤم ڤم) لەسەر بنەمای نیشانەی واتایی دەنگی سروشتی ئەو ناوانە ئەنجامدەدات، واتە لەدەنگی (هۆڕنی ئوتومبێل)ەکەوەیە بۆیە پێی دەڵێت (ڤم ڤم) و ئەو دەنگە دەردەبڕێت.

١٦٣- باعەباع ⟵ لە دەنگی ئاژەڵەکەوە کە(مەڕ)ە وەرگیرتووە.

١٦٤-جیجە،جوجە،جیک ⟵ لەدەنگی باڵندەی بچوک وەک(جوچک،بێچوی چۆلەکە) وەرگیرتووە وبەو شێوازە وشە ئەنۆماتۆپیاییەکەی ناوناوە.

١٦٥-مژمژە ⟵ ئەم وشەیەی لە چۆنێتی مژڵێدانی (قەسەب، یان مەساسە) وە وەرگرتووە و وشە ئۆنۆماتۆپیایەکەی دەربڕیوە.

١٦٦-پست پست ⟵ ئەم وشە نافەرهەنگییەی لە چۆنێتی بیستنی دەنگی(بۆن وبیسی) وەرگرتووە، لەسەر ئەو بنەمایە ناونانەکەی لە ئاوەزیدا تۆمارکردووە کە تایبەتە بە خۆی.

١٦٧فوفو ⟵ لە دەنگی فوکردنی (میزەڵدان وتۆپ) دا گۆێی لێبووەو لەسەر ئەو بنەمایە ئەم وشەیە کە نافەرهەنگییە لە زمانی ئێمەدا دەردەبڕێت.

١٦٨-فش فش لە دەنگی فشبوونەوەی میزەڵدان و دەنگی بوخار لە کاتی کوڵاندندا بیستووە و وەریگرتووە.

١٦٩-عەن عەن لەدەنگی تراکتۆر لەکاتی ئیشکردنیدا وەرگیراوە.

**ئەنجام:**

١-ئۆنۆماتۆپیا بریتییە لە کۆدکرن و هێماکردنی دەنگی سروشتی هێمابۆکراوەکان لە زماندا، ئۆنۆماتۆپیا ئەو کردەیەیە ،کە پەسنی دەنگەکانی(مرۆڤ ،ئاژەڵ،باڵندە،شتە بێگیانەکان،سروشت......هتد) دەکات.

٢-پۆلێنکردنی جۆراوجۆر بۆ دیاریکردنی جۆری ئۆنۆماتۆپیا لە زماندا کراوەوبە گشتی لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرانەی لێدەستنیشانکراون، ئەوانیش ئۆنۆماتۆپیای (ڕاستەوخۆ، نموونەیی، پەیوەستدار، گشتی ، ڕێزمانی، جۆری دەنگی لاساییکراوە،ئاماژەی لاساییکردنەوە).

٣-بنەماکانی پەسنکردنی ئۆنۆماتۆپیا لە زمانی کوردیدا بریتین لە(نیشانەی دەنگیی، جۆری فۆنێم، تایبەتمەندی دەنگی واتایی/فۆنۆسیمانتیکی، سەرسوڕمانی، ناونان لەسەربنەمای دەنگی هەبووەکە، ئیدیەم ومیتافۆڕ)، ئۆنۆماتۆپیا بە ئەڵقەی پەیوەندیگرتنی نێوان مرۆڤ وگیانلەبەرانی تر دادەنرێت.

٤-ئۆنۆماتۆپیا لە کردەی زمانپژاندا لای منداڵ لە تەمەنی(٨) مانگییەوە دەستپێدەکات و لە تەمەنی(١٨)مانگیدا دەگاتە لوتکە، هۆکارێکی کارایە بۆ زمانپژاندنیان و ئاسان فێربوون وتێگەیشتنیان، چونکە ئۆنۆماتۆپیا لە خودی هێمابۆکراوەکان ، کە لە سروشتدا هەن و منداڵ بەرجەستەیان دەکات بەرهەمدێن.

٥-ئۆنۆماتۆپیا لە پۆلە ڕەگەزی(ناو،کردار،ئاوەڵناو،ئاوەلکردار) پێکهاتووە لەزمانی کوردیدا، پۆلە ڕەگەزی ناو بەپلەی یەکەم ولوتکە دێت،دواتر کردار،یان ناوی کرداری،پاشان ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداری دێت.

**لیستی پەراوێزەکان**

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم-پاری یەکەم:**


١- Zafaranlu Kambuziya and Rahmany, 2014,219 | ٨- Karina, 2017, 11

٢- مەحوى، ٢٠١٠، ١٢٤ | ٩- Istikomah , 2014, 14

٣- مارف، ٢٠١٤، ١٤٤ | ١٠- Rydblom , 2010, 3 | ٤-

فەخرى، ١٩٨٥ | ١١-حسەين، ٢٠١٢، ١٥٣ | ١٢- Zaman and Qi , 2019, 39

،

٥- Oxford Dictionary, 2008 | ١٣-هەمان سەرچاوە، ٣٩

٦- Carstairs-McCarthy, 2002, 6 | ١٤- هەمان سەرچاوە،٣٩

٧- Thomas & Clara , 2006, 1 | ١٥- Zaman and Qi, 2019, 40

٨- Merriam-webster | ١٦- Sughara,2010,206

٩- Dofs , 2008, 4 | ١٧- محەمەدی ، ٢٠١٨، ١٧١-١٧٩

١٠- Longman dictionary,2010

١١- Karina, 2017, 1

١٢- Assaneo- et al,2011,1

١٣- Laing,2015,3

١٤- Lain , 2014,4

١٥- Rungrojsuwan , 2009, 254

١٦- Moghadwm and Ghazizade ,2016, 4

١٧- Sugahara 2010,1

١٨- moghadam and Ghazizade,2016,

١٩- Zafaranlu Kambuziya&Rahmany,2014,220

بەشی یەکەم- پاری دووەم:
Shestak, - et al, ,2016, 5180-1
٢-حسەین،٩٩،٢٠١٣
**پەراوێزەکانی بەشی دووەم-پاری یەکەم:**
-١15 Istikomah, 2014,
-٢Article 2010, Jaber,
Iistikomah,2014,15-٣
Istikomah,2014,16-٤
٥-هەمان سەرچاوە
Okrent, 2021,Article-٦
Nordquist,2020-7
crystal,1987-٨
J.R.chard,2010,311-٩
Sarkar, 2020-١٠
**پەراوێزەکانی پاری دووەم:**
Zubbaidi, 2014. 148-١
٢- موکریانی،گیو،٢٠١٧,١٢٩٢
Hamdan,2021,2-٣
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢
Muslima , 2021, 283-290-٥
Karina,2017,9-10-٦
Karina,٢٠١٧،٢٧ -٧

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم-پاری سێیەم**
Motamedi, et al, 2021 4-١
Laing,2017,32-٢
Motamedi, et al., 2021, 5 -٣
٤-هەمان سەرچاوە،ل٢٠
Laing,2019,13-٥
Motamedi, et al, 2021,20-٦
Karim, 2017, 20-٧
Liang, 2015, 65-٨
٩-هەمان سەرچاوە،ل٦٦
١٠- جەلیل،١٢٩،٢٠١٣
١١- مەحمود-ب ،٢٠٠٩، ١٨٥
١٢-خەلیل،٢٠١٣،٢٥٢
١٣-قادر،٢٠٠٨، ١١
Liang, 2015. 83-١٤
١٥-محەمەد،٢٠١٥، ٢٢
Laing,2015,83-١٦
Motamedi, et al., 2021, p.11-١٧
Liang, 2015 ,84-١٨
١٩-هەمان سەرچاوە،ل٨٤
٢٠- عەبدولدەهاب،٢٠١٥، ٨٠
motamedi,et al,2021,8-11--٢١

## لیستی سەرچاوەکان:


سەرچاوە کوردییەکان:

١- حسەین،شیلان،٢٠١٢، پەیوەندی سینتاکس وسیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا،چاپی یەکەم ،سلێمانی.

٢- حسەین،شیلان،٢٠١٣،مۆرفۆپراگماتیکی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،بەشی( B) ژ٣٨.

٣--خەلیل،ناهیدە،٢٠١٣،زمان پژاندن و دیاردە سایکۆلۆ-فۆنۆلۆژیەکانی زمانی کوردی،نامەی ماستەر بڵاو نەکراوە .زانکۆی سلێمانی.

٤-عەبدولوەهاب،عەدنان٢٠١٥.وەرگرتنی زمان لای منداڵ.نامەی ماستەر .زانکۆی سلێمانی.

٥-قادر،کاروان،٢٠٠٨،ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا،چاپی یەکەم سلێمانی.

٦-مارف،ئەورەحمان،٢٠١٤،ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆژی ،بەرگی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات -هەولێر.

٧-مەحوی،محەمەد،٢٠١٠،مۆرفۆلۆژی وبەیەکدا چوونی پێکهاتەکان(مۆرفلۆژیی کوردی)،بەرگی یەکەم ،سلێمانی.

٨-موکریانی،گیو،موکریانی،کوردستان،٢٠١٧، فەرهەنگی کوردستان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

٩-محەمود- ب ،ئاڤێستا،٢٠٠٩.چەندلێکۆڵینەوەیەک لەتەونی زانستی زمانی دەروونیدا.بەشی دووەم .گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.ژمارە(٥٠)، ٢٧-٤٤١-

١٠-نەسرین،فەخری،١٩٨٥،لێکۆڵینەوەیێک دەربارەی جێگۆڕکێ وهەڵگەڕانەوەوگۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردی دا،بەرگی سێیزدەهەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد دەرهێنراوە،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

سەرچاوە بە زمانی فارسی:

محەمەدی،فەرهاد،٢٠١٩،آواناماها در زبان کردی، دکترای زبان وادبیات فارسی دانشگاه شهیدمدنی آزربایجان

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

1-Aliyeh, K. and Zeinolabedin, R., 2014 A Comparison between onomatopoeia and sound symbolism in Persian and English and their application in the discourse of advertisements. International Journal of Basic Sciences & Applied Research, 3, pp.219-225.
2-Assaneo, M.F., Nichols, J.I. and Trevisan, M.A., 2011. The anatomy of onomatopoeia. PloS one, 6(12), p.e28317.
3-Al-Zubbaidi, H.K., 2014. The Functions of Onomatopoeia in Modern English and Arabic Poetry: A Study in Selected Poems by Lawrence and al-Sayyab. Advances in Language and Literary Studies, 5(6), pp.181-193.
4-Bull,v.ed,2008, oxford Learner's pocket dictionary. Oxford University Press.
5-Carstairs-Mccarthy, A. (2002) ‘An Introduction to English Morphology: Words and Their Structure’, Linguistics, p. 160
-٦Crystal, D. 1987. The Cambridge Encyclopaedia of Language. Cambridge, Cambridge University Press.
٧-Dofs, E. (2008) ‘Onomatopoeia and iconicity: A comparative study of English and Swedish animal sound’, pp. 1–28.
٨-Dictionary, M.W., 2006. The Merriam-Webster Dictionary. Merriam-Webster, Incorporated.
٩-Erastus Mosha and Ruíz, A.A.B. (2010) ‘No 主観的健康感を中心とした在宅高齢者における 健康関連指標に関する共分散構造分析 Title’, Theoretical and Applied Genetics, 7(2), pp. 1–7.
١٠-eye-tracking. Journal of Experimental Child Psychology, 161, pp.32-45. doi: 10.1016/j.jecp.2017.03.017.
١١- Hamdan, S. (n.d.). The Translation of the Onomatopoeic Qur’anic Words into English. [Paper] Available at: https://d1wqtxts1xzle7.cloudfront.net/65611641/Samaher_pdf.pdf?1612517938=&response-content-disposition=inline%3B+filename%3DThe_Translation_of_the_Onomatopoeic_Qura.pdf&Expires=1638971510&Signature=hNw7iBtxSMi73BMVCBr58cGZZGWLzYSJxru3RKNY0IqJWTPXW-Hd9VnLiGJDQ-45Oa1O7isoFT6FXLYnnBQHRB1KXMs-Wdda1MG2vZxvrMiVHiXVOiXFuAGNCQe4Y9KMx0EzN9k0Lz5FXTQ8DsK77uwJnsUyiDos3rmbzryctjVqXLgSD4jaY5YZtyql~h3aR2oobCzBYwGbjv8ycSVjNdUpyb0wQDNzlSokDP9n-CMKyq4zp18glkJKTzVZr6Q7UyDDhWZm4hYqdMwYKiXDAaMvuRfgMWZg2tFaw7JiS4MYuqGct8d1aC70JueRtnFqjkJxp3JvykmPLgZlnZ9mDg__&Key-Pair-Id=APKAJLOHF5GGSLRBV4ZA [Accessed 14 Dec. 2021].
1٢-Istikomah, R., 2014. Semantic onomatopoeia in “Dragon knight_one day, another day” (Doctoral dissertation, Universitas Islam Negeri Maulana Malik Ibrahim).
1٣-Jabr, F., 2010. The evolution of emotion: Charles Darwin's little-known psychology experiment. Scientific American, 24.
1٤-Karina, M.D., 2017. English Onomatopoeia in Children’s Book: Types and Readers’ Understanding. Yogyakarta: Universitas Sanata Dharma. Available at: https://repository.usd.ac.id/13176/2/134214060_full.pdf [Accessed 12 Dec. 2021].

1٥- Karim, H.A., 2017. An Analysis of Onomatopoeia in Scott Pilgrim vs. The World Movie by Edgar Wright (Doctoral dissertation, IAIN Palangka Raya). Available at: http://digilib.iain-palangkaraya.ac.id/815/2/Chapter%20I%20-%20V.pdf [Accessed 11 Dec. 2021].

1٦-Laing, C., 2014. Phonological'wildness' in early language development: exploring the role of onomatopoeia. York Papers in Linguistics, pp.48-63.
1٧-Laing, C., 2015. 'What does the cow say?'An exploratory analysis of onomatopoeia in early phonological development (Doctoral dissertation, University of York).
1٨-Laing,c,2019,phonological motivation for the Acquisition of onomatopoeia :A Analaysis of Early Words,Article in Language learning and development ,Dol:10.1080/15475441-2019.1577138,Cardiff University

.1 ٩-Laing, C.E., 2017. A perceptual advantage for onomatopoeia in early word learning: Evidence from
٢٠-Muslima, A.T., 2021, April. THE USAGE OF ONOMATOPOEIA SOUND SYMBOL ON BOOK "DIARY OF A WIMPY KID". In English Language and Literature International Conference (ELLiC) Proceedings (Vol. 4, pp. 283-290).
2 ١-Motamedi, Y., Murgiano, M. Perniss, P. Wonnacott, E., Marshall, C., Goldin-Meadow, S. and Vigliocco, G., 2021. Linking language to sensory experience: Onomatopoeia in early language development. Developmental Science, 24(3), p.e13066.
2 ٢-Nordquist, R. Five Theories on the Origins of Language. ThoughtCo, Aug. 27, 2020, www.thoughtco.com/where-does-language-come-from-1691015...
2 ٣-Okrent, A. (2021). 6 Early Theories About the Origin of Language. [online] mentalfloss. Available at: https://www.mentalfloss.com/article/48631/6-early-theories-about-origin-language#:~:text=The%20pooh%2Dpooh%20theory,t%20end%20up%20with%20language. [Accessed 14 Oct. 2021
2 ٤-Rungrojsuwan, S. 2009. The non-arbitrary aspect of language: The iconicity of onomatopoeic words in Thai.". SKY Journal of Linguistics, 22, pp.251-276.
2 ٥-Rydblom, O., 2010. Snap! Crack! Pop!: A corpus study of the meanings of three English onomatopoeia.
2 ٦-Richards, J.C. and Schmidt, R.W., 2010. Longman dictionary of language teaching and applied linguistics. Routledge
2 ٧-Sarkar, S., 2020. Theories of the Origin of Language. [online] All About English Literature. Available at: <https://www.eng-literature.com/2020/09/theories-origin-language.html#7_The_la-la_Theory> [Accessed 21 March 2020].
2٨-Sugahara, T., 2010. Onomatopoeia in spoken and written English: Corpus-and usage-based analysis (Doctoral dissertation, 北海道大学).
2 ٩-Shestakova, O., Belova, S.S.L., Bolshakova, N. and Demidova, S., 2016. Phonosemantic principles of description onomatopoeias in the dictionary of new type. The Social Sciences (Pakistan), 11(21), pp.5178-5183.
٣٠-Sharifi Moghadam, A. and Ghazizade, A., 2016. Translation of onomatopoeia in holy defense literary works. Review of Applied Linguistics Research, 2(2),
3 ١-Thomas, T.W.C. & Clara, C.H.W. 2006. Characteristics of Onomatopoeia. Journal of Lin 1001Discovering Linguistics, (Online), 6 (1), 1-21 Available at: <https://www.academia.edu/7704080/Characteristics_of_Onomatopoeia_LIN1001_Discovering_Linguistics> [Accessed 21 March 2020].
3 ٢-Zaman, B. et al. (2019) 'Onomatopoeia in Gojri : A Linguistic Analysis', 8(10), pp. 38–41.
3 ٣-Al-Zubbaidi, H.K., 2014. The Functions of Onomatopoeia in Modern English and Arabic Poetry: A Study in Selected Poems by Lawrence and al-Sayyab. Advances in Language and Literary Studies, 5(6), pp.181-193.

**المستخلص:**

الدراسة الحالية بعنوان "وصف المحاكاة الصوتية في اللغة الكوردية". المحاكاة الصوتية هي أشكال لفظية من الدلالات تنبثق فيها الكلمات من تقليد الأصوات الطبيعية للمدلولات. وهي الكلمات والعبارات التي تأتي من أصوات الأشياء وهذه الأصوات توحي بمعانيها. يستكشف هذا البحث الوصف والأنماط ومبادئ اكتساب اللغة الأولى لمحاكاة الصوت في اللغة الكردية. يتم ذلك كنوع رئيسي من الكلمات في اللغة على مستويات علم الصوت والدلالات الصرفية. الهدف الرئيسي من الدراسة هو محاولة استكشاف العلاقة بين علم الدلالة الصرفية والمحاكاة الصوتية في أطر اللغة بشكل عام ، واللغة الكوردية بشكل خاص. كما يسلط الضوء على أهمية المحاكاة الصوتية في اللغة كأحد الجوانب الضرورية لقواعد اللغة الكردية. علاوة على ذلك ، فإن الاستخدام اليومي لهذه الأصوات ، وخاصة من قبل البالغين لتحفيز الأطفال ، هو وسيلة فعالة لاكتساب اللغة الأولى.

على الرغم من عدم وجود موارد أكاديمية كافية حول هذا الموضوع في اللغة الكردية، إلا أنه يأخذ جزءًا كبيرًا من اللغة. إنه أيضًا جزء نشط من العملية الصرفية ويستخدم في إنشاء كلمات جديدة ، وهذه هي أسباب البحث. تعتبر هذه الورقة خطوة أولية لدراسة المحاكاة الصوتية في اللغة الكردية وربما تكون هذه هي المرة الأولى التي تُكتب فيها أطروحة ماجستير.

يتم استخدام منهج التحليل الوصفي لفحص أصوات الحيوانات والطبيعة والإنسان والأدوات والأشياء غير الحية وكيفية إنتاجها باللغات. بشكل عام ، المراجع المستخدمة في الورقة هي المعاجم والقواميس ، وكذلك الكلمات المنطوقة اليومية لعامة الناس ، وخاصة تلك الكلمات المنطوقة باللهجة السورانية بمنطقة السليمانية.

تحتوي الورقة على ملخص / مقدمة ، قسمين ، خاتمة وقائمة المراجع. الفصل الأول بعنوان "وصف المحاكاة الصوتية في اللغة الكردية" ويتكون من قسمين. القسم الأول هو "المفهوم والمقدمة" والقسم الثاني هو "مبادئ المحاكاة الصوتية". الفصل الثاني بعنوان" الدلالات الصوتية للمحاكاة الصوتية في اللغة الكردية" ويتكون من قسمين. القسم الأول هو "نظريات ووحدات وأنواع المحاكاة الصوتية في اللغة الكردية". القسم الثاني هو "المحاكاة الصوتية واكتساب اللغة الأولى" حيث يتم تسليط الضوء على تأثير المحاكاة الصوتية.

**Abstract:**

The present study is entitled “A Description of Onomatopoeia in the Kurdish Language”. Onomatopoeia is phonetic forms of signifiers in which words emerge from the imitation of the natural sounds of the signifieds. It is the words and expressions that come from the sounds of the things and these sounds suggest their meanings. This research explores the description, typologies, principles of the first language acquisition of onomatopoeia in the Kurdish language. This is done as a main type of words in language at the phonological and morphosemantics levels. The main aim of the study is an attempt to explore the relationship between morphosemantics and onomatopoeia in language frameworks in general, and the Kurdish language in particular. It also highlights the importance of onomatopoeia in language as a necessary aspect of the Kurdish grammar. Moreover, the daily usage of these sounds, especially by adults to prompt children, is an effective way for the first language acquisition.

Although there are no adequate academic resources on the topic in the Kurdish language, it takes a huge portion of the language. It is also an active part of the morphological process and used in creating new words, and these are the reasons for the research. This paper is a primary step to study onomatopoeia in the Kurdish language and probably it is the first time an MA thesis to be written on it.

A descriptive analysis approach is used to examine sounds of animal, nature, human, tools and inanimate things and how their production in the languages. Generally, the used references of the paper are glossaries and dictionaries, as well as, the daily spoken words of the common people, especially those words are spoken in Sorani dialect, Sulaimani region. The paper contains an abstract/ introduction, two sections, a conclusion and the list of references. The first chapter is named “A Description of Onomatopoeia in the Kurdish Language” which has two sections. The first section is “Concept and Introduction” and the second section is “The Principles of Onomatopoeia”. The second chapter is named “Phonosemantics of Onomatopoeia in the Kurdish Language” which has two sections. The first section is “theories, modules and types of onomatopoeia in the Kurdish Language”. The second section is “Onomatopoeia and the first Language acquisition” in which the effect of onomatopoeia is highlighted.